

# چیرۆکە لە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەبییە؛ نها.

ژمـــاره

٤٨

ای پو و شپه ڕ ی ٢ ٧ ١ ٩

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

ندا موحەممەدزادە
ژاڵە جبراییلی
شەرمین ساڵحی
کەیوان قورەیشی
سەیفۆڵا ساعێدمووژەژی
وریا ساعێد
بیژەن ڕەحمانی
ناسر فەتحی
موحسین سوبحانی

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Hassan Alnajar

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٦٤ ...

**ئامادەکاران:** ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

• چیرۆکی کارگەیی

• بەتامی چیرۆک

• ئامادەکاران:

ناسر فەتحی

ئەمیر سیراجەدین

١ی پووشپەڕی ٢٧١٩

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## "بەشەر"

وشەی "بەشەر" لە "بەش ڕن" ڕا هاتووە. مرۆڤ سەرەتا وەک حەیوانەکان لە سرووشتدا گیاخۆر بووە و هەر بەشی خۆی ڕینیوە و خواردوویەتی؛ واتە لەسەر زەوی بەشەڕن بووە. هەر توانیویەتی بەشی خۆی بڕنێ. لە ڕاستیدا، لە ڕابردوودا، بەشەر لە ڕنینەوەی سرووشت دا، بەشی پێوە بووە، وەک ئێستا خاوەنی نەبووە. سەبارەت بە وشەی "سێڵاو"یش؛ کاتێک سێڵاو دێ، ئاوەکە لە سێ لاوە هێرش دەکات و لە لای چوارەمەوە هەرچی ڕایماڵیوە ڕایدەداتە پێش خۆی. لەڕاستیدا وشەی سڵاویش هەر لەوە ڕا هاتووە؛ لەو "سێ لا"وەڕا هاتووە. گوتیان: "سێڵاوە هەڵێن!" هەموو هەڵاتن. ئەوە ئەگەر بیانگوتبوایە: "شەڕە هەڵێن!" کەس هەڵنەدەهات. هەموو دەمانەوە و سەنگەریان لەیەک دەگرت. لە کاتێک دا کە سوور دەیانزانی شەڕ لە سێڵاو زیاتریان لێ دەکووژێ. زۆری نەخایاند لە سێ لاوە ئاو هێرشی بۆ هێنایین. بەڵام چوونکە لای چوارەممان داخرابوو، ئاوەکە نەیتوانی لەگەڵ خوی بمانبات؛ بەڵکوو هێندێکمان ڕزگارمان بێت. هەربۆیە وەسەرمان گەڕا و هەموومان خنکایین. ئەمجارە ئەگەر سێڵاو هات بە مرۆڤەکان بڵێین دەرگامان بۆ بکەنەوە جا هەڵێن؛ حەیوانەکانیش بەشەرن!

**✍ ناسر فەتحی**



📷 Markus Wintersberger

## "لێفەی لافاو"

هەروا کە لە پشت میزەکەی، لە سەر سەندەڵییە گەردانەکە دا، دانیشتبوو؛ چاویلکەکەی بڕێک هینا خوارێ و لە کەلێنی بەینی چاویلکەکەی و برۆکانییەوە، لە حاڵێکدا کە بەرخەبەبەی بەردابۆوە؛ چاوێکی بە نامەکەدا خشاند و گوتی: جێبەجێ نابێ!

خۆی گرمۆڵە کردبۆوە و لەسەر مۆکێتی وەتاغەکە بێباڵنج ڕاکشابوو. هیچی بە خۆی دانەدابوو؛ هەر دووک لەپی دەستی پێکەوەنابوو و لە نێوان دوو ڕانی خستبوو؛ وای خۆ خڕ کردبۆوە؛ چۆکەکانی لە دەموچاوی نزیک ببوونەوە. دوو مانگ بوو عوزری نەشوتبوو! بیری لە ناخۆشترین نیوسەعاتی ژیانی دەکردەوە.

دوای حەوت مانگ، پێش ئەوەی خۆی هەڵواسێ؛ منداڵێکی لە باوەش دابوو کە بەرخەبەبەی لەو کابرایە دەچوو کە کارەکەی بۆ جێبەجێ کردوو و وەبەر لافاو کەوت.

**✍ بیژەن ڕەحمانی**



📷 Markus Wintersberger

## " لە ڕەنگی خۆمان"

من هەوڕگەرێک بووم لە جنسی ماک و بنەچەقی خۆم. ڕەنگە تاکەکەس بم لەم وارەدا شیرازەی بوونی خۆم بزانم. دەستەکانم ئاشنای خۆڵ و ئاو و ئاگرن. هەموو ساڵێک پێش ئەوەی پەڵەی پاییزێ بدات هەتا بهار و بارانەبڕان دادێ لە کانێکی خۆڵەسوورەی ئەو گردانەی دوور لە گوند، خۆڵ کەنەوکێشە ئەکەم بۆ ناو حەوشەکەی خۆمان. لەوێوە پێخۆرێک دەگرمەوە و ئەیکەمە گڵ و باوەش باوەش لە نایلۆنێکی ئەخەم و ئەیبەمە کارگەیەک لە ژێرزەمینەکە و ئیدی گڵێنەی زۆری لێ چێ ئەکەم، بۆ ئەوەی هەتا دوای بارانەبڕان کارئاسانیم کردبێ. دایکم بەڕەحمەت بێت پێش ئەوەی من بۆ تەنیایی و ئەم ماڵە و گڵێنەکانم جێبهێڵێ دەیڕوانییە دەستە قوڕین و کراس و شەرواڵە هەڕگینەکەم و لە دەستکار و گڵێنەکانم ڕادەما و ئاخێکی لە ناخەوە هەڵئەکێشا و ئەیوت: ڕۆڵە! مرۆڤ لە خۆی دەخواتەوە و گڵێنەکانی تۆ و ئەم مرۆڤەش لە یەک جنسن! من هەرگیز هەرگیز لە مانای ئەو ڕستەیەی دایکم تێنەگەیشتم.

ئەو ڕۆژە کە شۆڕابەیەکی بەهارێ لە ئاسۆوە باڵی بەسەر دەڤەرەکەدا کێشا و من لە تەنیایی ناو کارگەکەدا سەرم کێشایە ئەو حەوشەی هەزران گڵێنە و گۆزەم بە نایلۆن تێدا داپۆشیبوو هەستم دەکرد هەوایەکی هێناوە خەڵکی هەموو شپرزە کردووە. گوێم لە هاتووچۆ و شێواوی خەڵک بوو. گوێم لێبوو بە کۆڵانەکاندا دەهاتن و ماڵەکانیان بە بەربەست و تەلیسەلم قایم ئەکرد و خۆیان تەیار دەکرد. لە ناوخەڵکدا دەنگۆی ئەوە هەبوو ڕەهێڵە و تۆفان بەڕێوەیە و بەنداوەکەشیان بەرداوە! هەستی من بەڵام هەستێکی نامۆتر بوو. هەستێک بوو وەکوو ئەرخەیانیی سەرەمەرگ. هەستی ئەو کاتەی کە خۆت پاڵ ئەدەیتەوە و هەموو شتێک بۆ زەمان جێدەهێڵی.

ئەو ئێوارەیە کە باران بە تۆنێکی نەرم دەستیپێکرد من بە سووڕێکی هێدی و لەسەرەخۆ خەریک بووم کۆ گڵەکەی سەر مێزەکەی بەردەستم بۆ گڵێنەیەک ئامادە دەکرد. هەستم دەکرد دەستەکانی من و باران لەسەر یەک ئیقاع دەڕۆن. نەمزانی ئەوە بارانە بە فەرمانی دەست و پێیەکانی من خێراتر دەبێ یاخود ئەو لێزمەیە کار دەکاتە سەر دەست و پێم. باران توندتر دایدەدا و من توندتر ئامێر و گڵەکەم دەسووڕاند. گوژمی دەست و پێم ئامێرەکەی توندتر دەسووڕاند و باران بە خوڕتر دەباری. تا ئیدی خێرایی سووڕانەوەی کۆگڵەکە هێند توند بوو کە لە ڕای دەستم دەرچوو. نازانم جۆرێک سڵەمینەوە بوو لەو حاڵەتە یان خوڕەی سامناکی باران بوو وایکرد لەو ژێرزەمینە دەرکەوم. بێخەبەر بووم لە دونیا، تا ئەو دەمەی لەو حەوشە بەرینەدا هەموو کووپە و گڵێنەکانی خۆم بینی ئاو هەڵیدابوون بۆ بەر دەرکی

حەوشە. هیچکات هێندە بێدەروەست و کەمتەر خەم نەبووم لە حاست دەستکارەکانم. دەنگی هەراوهۆریای خەڵک و هاتووهاواریان لە گلێنەکانی خۆمی دابڕیم و چوومە کۆڵانەکەوە. خەڵک هەموو ماڵ و حاڵیان جێدەهێشت. بڕوایان بەو ئاستە بەرزەی هەرەس نەدەکرد. بە گریان وقیژە و قژەپۆپەی ژنان و هاتوهەرای پیاواندا زیاتر لەو بارانە سامناک و هەورەگرمە ترسناکە دڵم داخورپا و دوایانکەوتم تا گەیشتینە سەر گردەکەی پشت ئاوایی. لەوێوە دەمانبینی چۆن ئاو بە تووڕەییەوە ماڵان دادەماڵێ و دەیبا لەگەڵ چۆم. لەوێوە ئەسپاوی ماڵانمان لێوە دیاربوو دەکەوتنە بەر هەرەس. لێمانەوە دیار بوو لافاو هەموو داروپەردووی ماڵانی ئاوایی و باخ و ڕەزی بە جارێک جێکەن ئەکرد و ئینجا دایئەماڵی و نوقمی ئەکرد و دواجار ئەیهێنایەوە سەرەوە و کەسمان دەسەڵاتمان نەبوو. یەکەیەکە ماڵەکان و کەرەسەی ماڵی خۆمان دەبینی دەچوونە بن ئاو و دواجار بە لافاو ڕاکێش دەکران. هەموو شتێک لە هەموانەوە دیار بوو، هەموو شتێک دەچووە بن ئاو و سەرئاو دەکەوتەوە و دەڕۆی، هەموو شتێک. کەچی هەرچی چاوم دەگێڕا، ئەوە تەنیا گلێنەکانی من بوون لە هیچ کوێوە شوێنەواریان نەبوو. لەگەڵ یەکەم شەپۆلدا ببوونەوە هەمان خۆڵی جاران و کەوتبوونە تەک لافاوەکەوە. ئیدی ئەوسا گەڕامەوە بۆ قسەکەی دایکم!

**✍ موحسین سوبحانی**



📷 Markus Wintersberger

# " ناڵە"

عەلادینەکەی لە نەوت پڕ کرد و هەڵیکردەوە، وەک هەموو ڕۆژێ کترییە ڕەشەکەی خستە سەر عەلادین. هەم ژوورەکەی گەرم دادەهات، هەمیش ئاو گەرم دەبوو بۆ چایی. لە چایی قەت تێری نەدەخوارد، ڕۆژێک نەیخواردایە کفری بە با دەکرد.

دەیکوت: خودا ئاوی تەنیا بۆ دوو شت خوڵقاندووە، یەکەم چایی، دووهەم شەراب.

شەرابی دەخوارد و پێکپێک هەڵیدەلووشی، بۆنی شەراب دڵەکوتێی پێدەگرت، دەتکوت دۆستەکەی دەدیت ئەو سەردەمانەی وا گەنج بوو. جێگەی خاڵی یار، شەراب پڕی کردبۆوە، چاوی سوور هەڵدەگەڕا و بۆنی پێوە دەکرد و جارجاریش دەگریا.

دای لە کلێپەیگۆرانی:

جارێک بە کەرەم بمدوێنە، من فیدای دەنگوئاوازت بم ناوەکەم بە تەکەللوم بێنە، تا نەمردووم هاوڕازت بم. لەو ژوورە ساردەدا، بەرەو شێتبوون دەچوو. چاوەڕوانی یارەکەی بوو، ساڵەهایساڵ بوو چاوەڕوانە. بەڵێن وابوو، بۆی بێتە ژوان.


کوتی: بریا بێوەفا دەبووی نازێ، بەڵام وەفادار بووی.

ئاسمان، سێ شەو و ڕۆژ بوو هەورێکی تاڵی هێنابوو، نە دەباری نە دەڕۆیی، هەور دووگیانی پێوە دیار بوو. تاڵ بوو وەک شەرابەکەی، قورس بوو وەک لاشەی قوڕاویی و مردوویی خۆشەویستەکەی. لە بەرزاییەکانی شاخەوە، هەورەتریشقە، دەنکدەنک لە عەرز دەدران، دەنگی هەور گوێچکەی کەڕ دەکرد. هەور خەریک بوو دەزا. ناڵەی هەور و ناڵەی شاخ و ناڵەی دڵی ئەو تێکەڵ ببوون. باران و تەرزە دایکردبوو، بەخوڕم دەباری، وەک تۆنگەی سەراوبن ئاو دەهاتە خوارێ. بڕیار وابوو، لە لای پردەکۆنەکەی ئاوایی یەک ببینن. بێوەفا بوو، نەچوو، یاری وەفاداریش چوو. لە شاخ، جۆگەجۆگە ئاو وێک دەکەوتن و دەکەوتنە شیوەکە و سەراوخوار ببوون بەرەو ناودێ. ناڵەی هەور و ناڵەی شاخ و ناڵەی شیو و ناڵەی ئاو و ناڵەی دار و دارمانی کەپر و دەشت و و خاک و پرد و یار و ...

فرمێسکەکانی کەوتنە پیاڵەی شەرابەکەی و دەنگی بەرز کرد: ساڵەهای ساڵە، ئەوینداری تۆم... کتری قوڵتەقوڵت دەکولا، عەلادینەکەی زۆر هەڵکێشابوو، دووکەڵی دەکرد، بە بۆنی دووکەڵ خەبەری بۆوە، دیسان بە یادی یارەکەی و لافاوی بیستوپێنج بەهاری پێشوو خەوتبوو.

بۆنی دووکەڵ پیس بوو، وەک پیسایی دوای سێڵاو، وەک تەرمی قوڕاویی ئەو، وەک لەشی ئەنجنئەنجن کراوی لە نیو لقوپۆپی دارەکانی شیوەکە. هەستا عەلادینەکەی کز کرد و کتری داگرت، کەوچکێکی چکۆلەی چای ویشک تێکرد و داینا دم بێنێ. چووە بەر کەپرەکە و پەردەکەی لادا. هێشتا زۆری مابوو بۆ زستان، زووبوو بڕواتەوە بۆ ئاوایی. لەو بەرزاییەوە سەیری ناودێی دەکرد. بیستوپێنج ساڵە، خۆی دوور خستۆتە لە هەر چی تەڕاییە; لە ئاو، لە دڵداری، لە ژیان...

**✍ ژاڵە جبراییلی**



Markus Wintersberger

## "دیواری مەدرەسە، پەردەیەکی پڕ لە ئەستێرە هەڵواسراوە"

1- کاتژمێر حەوتی بەیانی گەیشتە بەر مەدرەسەکە. لە ماشێنەکە دابەزی وکلیلی لە قفڵەکە خست و پاڵی پێوە نا بەرەو ناو حەوشەکە. درگاکە بە جیڕەیەکی درێژ کرایەوە. ماشێنەکەی بردە ناو حەوشەکەو لەو سووچەوە، بێ ئەوەی ڕێگەی کایەی منالەکان بگرێ، ڕای وەستاند. لە پلیکانەکان چووە سەر و قفڵی درگای سالۆنەکەی کردەوە. مەدرەسە کپ و بێ دەنگ بوو و بۆنی تەڕایی ونمرچی لێوە ئەهات. چووە دەفتەرەوە. گڵۆپەکەی هەڵکرد و پەردەکانی لادا. بروسکەیەکی لێڵ لە پەنجەرەکانەوە هاتە ناو دەفتەرەکەوە. دەلاقەکانی کردەوە بەشکەم ئەو بۆن وبەرامەیە بگۆڕێ. چووە پشت مێزەکەی، دانەنیشت، گەرایەوەو چووە نێو سالۆنەکە. درگای کلاسەکانی کردەوەو پەردەی  پەنجەرەکانی لادا. هەموو دەلاقەکانی ئاوەڵا کرد. هاتەوە ناو دەفتەرەکە.  هەناسەیێکی قووڵی هەڵمژی و هەر دوو دەستی کێش هاورد وخۆی کێشاوە. قامکی کێشایە سەر مێزەکەدا. ناسکەیێکی تۆزو غوبار لە سەر مێزەکە بوو. دەسڕێکی هەڵگرت و سەر هەموو میزەکانی پاک کردەوە. تاقەتی نەهاورد، چووە کلاسەکانەوە. قامکی کێشایە سەر مێزو سەندەڵی منالەکان، کاسکەیێک تۆز نیشتە سەر پەنجەیەوە. بە سەبرو تاقەتەوە جوان مێزەکان و سەندەڵیەکانی لە تۆزو غوبار سڕیەوەو خاوێنی کرد. تاقەتی نەهاورد. گسکەکەی هەڵگرت وتەواو ژوورەکان و سالۆنەکەی داماڵی. مەدرەسە بریقەی ئەهات! سەیر سەعاتەکەی کرد، چارەکێکی مابوو بو سەعات هەشت. چووە ناو حەوش. بۆ ناو حەوشەکە ڕوانی. هەموو شتێ لە جێگای خۆی بوو. لە پلیکانەکەن دابەزی و چووە بەر درگای حەوشەکە. چاوەڕێانی ئەکرد. وەی ئەزانی ئێستە هانە بەر درگای حەوشەکەو چاوەڕێن درگاکەیان بوبکاتەوە و ئەوان بە قیژەقیژ و دەنگەدەنگ بێنە ناو حەوشەو سالۆن و کلاسەکانەوە. درگاکەی کردەوە و خۆی چووە دواوە نەکا بەریان بگرێ و ئەوان پاڵ بننە یەکەوەو دووروا ئازارێکیان پێبگات. عەجەب مابوو، داخۆ لەم چەند ڕۆژە چ ڕووی دابێ وا ئەوەندە ئەوان ژیرو بێدەنگ و بەئەدەب بوونە؟! چاوەڕێیانی ئەکرد بێنە ناوەوە. ئەیوت:" حەتم ئەوە کچەکان هانە پێشەوە و شەرم ئەکەن دوای ئەم چەند ڕۆژە پشوودانە بێنە ناوەوە. نەختێکی تر مەحتەل بوو. تاقەتی نەما، لەوا بوو تووڕە بێت و بقیژێنێتە سەریان دا. " هێور بە! هەناسەیێکی قووڵ هەڵمژە! هەتا سێ بژمێرە! یەک، دوو، سێ". هێور بووەوە. سەری لە درگاکە کێشایە دەر، بو ئەو سەر مەدرەسەو ناو شەقامەکە ڕوانی. شەقام چووڵ بوو. بە هێوریەوە وتی:" پەلە مەکە! دوای ئەم چەند ڕۆژ پشوودانە هیلاکن. نابینی ئەوە ئاسمانیش لێڵە؟! هێشتا لە خەو هەڵنەستاون... دێن، حەتم دێن"! چووە ناو حەوشەکە، بەڵام درگاکەی هەروا بە نیوە کراوەیی بە جێ هێشت. لە ناو

حەوشەکە سوورپێکی خوارد و سەردانی ئاودەست خانەکەی کرد. شێرئاوەکانی پشکنی و بە وەسواسەوە بو سێرامیکەکان ڕوانی.

سەیر سەعاتەکەی سەردەستی کرد. پێنج دەقەی مابووە هەشت. بە پەلە هاتە دەرەوە. لە جێی خۆی ڕاوەستا. سەری چەرخاندو ئەم بەر و ئەوبەر حەوشەکەی دید دا. چووەوە بەر درگای حەوشەکە. " حەتم چەند کچ هاتوونەتە بەر درگای حەوشەکەو لە ڕوویان نایە بێنە ناو ئەبێ بیان گرمە ئامێزەوە و ماچیان کەمەوە"! چووە بەر درگای حەوشەکە. ڕاوەستا. قورگی ساف کرد و وتی:" بێنە ناو گۆڵەکانم"! لێیان ڕاما. درگاکە بە تەواوی کردەوە. سەری کێشایە دەر و بو بەر مەدرەسەو ناو شەقام ڕوانی. شەقام کپ و بێدەنگ بوو. توورە بوو:" نا نا! بەڕاسی ئەم باوک ودایکانە زۆر نابەرپرسیارن. ئەبێ هەر ئێستا تەلەفۆنیان بو بکەم"! لە پلیکانەکانەوە سەر کەفت، چووە ناو سالۆنەکەوە. یەکسەر بەرەو دەفتەر چوو. لە سەر دیوارەکە ڕەسمی هەموو مناڵەکان هەڵواسرا بوو. ڕاوەستا، بویان ڕوانی و بزەیەک خزیە سەر لێوەکانیەوە. نەختێ لێان راماو بە پێکەنینەوە وتی:" سڵاو گۆڵەکانم"! کەوتەوە بیری گۆڵەکانی ئاو نەداوە. بە پەلە خۆی گەیاندە چایخانەکە. پارچێکی پڕکرد لە ئاو، گەڕایەوە ناو دەفتەرەکە. بو گۆڵەڕوانی. " هەی بە قوربانتان بم! ... هەی ڕۆ، هەی ڕۆ!" لمت و قۆڕ گۆڵەکانی هەڵپڕووزاندبوو! " ئەوە خۆ هەمووتان سیس هەڵگەڕاون؟ هەی کوێر بم! ئەوە ئاوتان ئەدەمێ... تو خوا بمبوورن"! ئاوی کردە پای هەموو گۆڵەکان. پارچەکەی لە سەر مێزەکە دانا. دەستی نایە ژێر چەناگەی و مات گۆڵەکان بوو. چەند دەقەیەک هەروا کش و مات مایەوە. دەنگی جیرەیەک هاوریەوە سەرەخۆ. گرژوگۆڵ چووە بەر پەنجەرەکەو بو ناو حەوشەکە ڕوانی. هاتەوە بیری تەلەفۆن بکا بو باوک و دایک مناڵەکان. گەڕایەوە پشت مێزەکەی. دەستی برد و کشاو مێزەکەی کردەوە و بە پەلە نامیلکەیەکی دەرهاورد. دانیشتە سەر سەندەڵیەکە. تەلەفۆنەکەی کێشایە بەر دەست و یەکەم ژمارەی گرت. " بە داخەوە ئەم ژمارەیە داخراوە"! ژمارەێکی تری گرت:" بۆت نیە پێوەندی بەم ژمارەیەوە بگری..."! توورە بوو. ئەینەڕاندو دەنگی لە ناو سالۆنەکە پەنگی ئەخوارد و هەڵئەبەزیە سەر دیوار و پەنجەرەو درگای مەدرەسەوە. بە جنێودان و قەرەچی بازی هاتە ناو حەوشەکە. حەوشەکە یەکسەر لە قۆڕ ولێتە چەقیوە! سڵی کردەوە. چاوی نوقاند. لە سەر پلیکانەکان نیگای لە پارچەێک لە سەر دیوارەکە ڕاما. هاتە ناو حەوشەکە، چووە بەر درگاکەو بوو سەر

شەقام ڕوانی؛ شەقام یەکسەر لە قۆڕولیتە چەقیوە، گۆڵەکان هەمووێان لە قۆڕو لمتە چەقیون و خەریکە ئەخنکێن. دەنگی دەر نایێ هاوار کا... پارچەیەکی ڕەش، ڕەسمی مناڵەکانی لە سەرە. نیگای لەو پارچەیە ڕاما. مناڵەکان وەک ئەستێرە لە شەوەزەنگ ئەدرەوشێنەوە...

... -2

... -3

... -4

... -5

... -6

... -7

✍ سەیفۆڵا ساعێدمووژەژی



Markus Wintersberger

## "خۆکوژی ژمارە یەک"

دوکتوور سۆران، حەزی لە کۆکردنەوەی سەردێڕی هەواڵەکان بوو. دیارە حەزی سەرەکیی، کوشتن بوو. دوکتوور سۆران، سەردێڕی هەواڵەکانی کۆ دەکردەوە و تێکهەڵکێشی دەکردن و چیرۆکی پێ ساز دەکردن. هەرکەسێکیشی کە دەیکوشت، دوایین چیرۆکی لە گیرفانی دەنا. دوکتوور سۆران، لە ڕاستیدا دوکتووری ئاژەڵان بوو. دوکتوور سۆران، لە بن چیرۆکەکانی نێو گیرفانی کوژاوەکان، لە پەنای ئیمزا و ناوی خۆی، ژمارەی کوشتنەکانیشی بە هەستیارییەوە، دەنووسی. پاساوی دوکتوور سۆران بۆ خەڵک کوشتەکانی، ژنێکی دراوسێیان بوو. هەرکات گوێی لە دەنگی گریان و شین و پاڕانەوەکانی ئەو ژنە دەبوو، زوو دەچوو لە دەرێ کەسێکی دەکوشت. دوکتوور سۆران بەتەنیا دەژیا. خزم و کەس و دۆست و برادەرێکی ئەوتۆی نەبوو. باوکێکی پیری هەبوو، جار جارە دەچوو لە خانەی بەساڵاچووان سەردانێکی دەکرد و تەواو.

پێویست ناکات زۆر چاوەڕوانی ئەوە بن، کە گوایە چ پێوەندیەک لە نێوان گریانی ئەو ژنەی دراوسێیان و کوشتنەکانی ئەوەوە هەیە!؟ بەهۆی ئەوەی باسی سەرەکی چیرۆکەکەمان شتێکی دیکەیە؛ زۆر بە کورتی پێتان دەڵێم: "باوکی دوکتوور سۆران، کاتێک دوکتوور سۆران منداڵ بوو، زۆری لە دایکی دوکتوور سۆران دەدا. تا ئەوەی دایکی دوکتوور سۆران لەبەر چاوی دوکتوور سۆران خۆی هەڵواسی."

دوکتوور سۆران، خەڵکی بەشێوەی ڕەمەکی دەکوشت؛ تەنیا "هەڵکەوتە"ی ئەو مرۆڤە گرنگ بوو کە دەیکوشت.

ڕۆژ نییە خەڵکێکی زۆر لە هەڵکەوتەی مەرگ دا نەبن. بێ گومان تۆی خوێنەریش لە ژیانت دا بە دەیان جار لە هەڵکەوتەی مەرگ دا بووی؛ بەڵام ئەگەر تا ئێستا کەس نەیکوشتووی، بەختی ئەوەت بووە کەوا بکووژگەلی وەک دوکتوور سۆران زۆر کەمن؛ کەوا دەزانن کێ لە هەڵکەوتەی مەرگ دایە.

بۆی هەیە ئێستا جەنابیشت لە هەڵکەوتەی مەرگ دابی، بەڵام ئیتر بەختی خۆت و کەمیی بکوژی وەک دوکتوور سۆران.

ڕۆژێک دوکتوور سۆران، لە کاتی خوێندنەوەی سەردێڕی هەواڵەکان، چاوی بە هەواڵێکی گاڵتەجاڕ دەکەوێ. هەڵبەت زۆر ناخایەنێ کە دەزانێ مەسەلەکە نەک هەر گاڵتەجاڕ نییە، بەڵکوو زۆریش جددیە.

بەر لەوەی باسی هەواڵەکە بکەم، دەمهەویست زووتر ئەوە بڵێم کە دوکتوور

سۆران تەنیا ژنانی دەکوشت. کاری بە پیاوان نەبوو.

لەوانەیە ئەوەشتان بۆ پرسیار بێت، کە دوکتوور سۆران بۆ دەچوو بۆ خانەی بەساڵاچووان؟ کاتێک سوور دەیزانی بابی بووەتە هۆی مەرگی دایکی!؟ لەبەر ئەوەی...، لێی گەڕێن! ئەم ڕوونکردنەوەیە، چیرۆکەکە زۆر کلێشەیی دەکات.

مادام لەو بەشەی گەڕاین، لەوەش دەگەڕێین کە بۆچی دوکتوور سۆران تەنیا ژنانی دەکوت!؟ چوونکە ناکرێ لە باسێکی کلێشەیی چاوپۆشی بکەین و بچینە سەر باسێکی کلێشەیی دیکە.

لەوانەیە تۆی خوێنەری نێرینە، بەخۆت بڵێی: "ئۆخەیش وا دیارە هەر ژنان دەکەونە هەڵکەوتەی مەرگەوە!" نەخێر قوربان، جارێ پەلە مەکە!

دوکتوور سۆران گاڵتەی دێتێ کاتێک لە هەواڵەکەدا دەبینێ کە کەسێک کوژراوە و ژمارەی دە لە ژێر چیرۆکەکەی نێو گیرفانی کوژراوەکەدا نووسراوە. دوکتوور سۆران نۆ کەسی کوشتبوو. هێشتا ژمارەی کوشتنەکانی نەببوون بە جووت؛ جووتی بۆ پەیدا ببوو!

کاتێک چیرۆکی بکوژە نوێیەکە بڵاو دەبێتەوە، دوکتوور سۆران دەزانێ مەسەلەکە هیچ بۆ گاڵتە نابێ، چوونکە ئەو بکوژە نوێیەش چیرۆکەکەی لەسەردێری هەواڵەکان ساغ کردبووە و ئەگەر بۆخۆشی ئەو چیرۆکەی نووسیبوایە هەر ئاوای دەنووسی.

ئەوەش بۆ دوکتوور سۆران سەیر بوو، کە ڕۆژنامەکان نووسیبوویان: "دوکتوور سۆران بە ناوێکی نوێوە دەستی بە کوشتنە زنجیرەییەکانی خۆی کردووە و لەمەبەولاوە پیاوانیش دەکووژێ. چوونکە کووژاوە نوێیەکە پیاوە."

بەدوای کەم و کوڕیدا مەگەڕێن! چیرۆکەکان بە دەست نەدەنووسران، بەڵکوو تایپ دەکران و بە فۆنتی "تاهووما"ش دەنووسران. پۆلیس و حکوومەتیش کە فت!

بەپێ ئەو ناو و ژمارە نوێیانەی لەگەڵ چیرۆکەکانی نێو گیرفانی کوژراوە نوێیەکاندا بڵاو دەبوونەوە، دیار بوو، ژمارەی بکوژەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زۆربووندا بوون. هەمووشیان بەو شارەزاییەی دوکتوور سۆرانەوە سەردێڕی هەواڵەکانیان دەکرد بە چیرۆک.

پێشتر کە تەنیا "ڕۆژنامەی تاڵوو" چیرۆکەکانی دوکتوور سۆرانی خستبووە پاوانی خۆیەوەوە و بڵاوی دەکردنەوە و جێی دیکە مافی بڵاو کردنەوەیانی نەبوو؛ ئیتر ئەوەش نەما. بە دەیان ڕۆژنامە، مافی بڵاو کردنەوەی چیرۆکی بکوژە نوێیەکانیان کڕییەوە.

ئەوە دوایین دێڕەکانی دوایین چیرۆکی دوکتوور سۆرانە کەوا لەکاتێک دا کە لە

سەنتەری شاردا خۆی لە باڵەخانەیەک هەڵداشتبوو و خۆی کوشتبوو، لە گیرفانیدا دۆزرابووەوە: "... باشە کەنیسەی نۆتێرپدام نوێژەنکردنەوە بۆ چ بوو؟ بینای دێرینە بۆ دەبێ نوێژەن بکرێتەوە؟ بۆ حەمامە؟ هۆتێلە؟ ئاخر گرنگیی ئەو بینایە لە کۆن بوونەکەی دابوو، نەک کارکردەکەی! ئەو هەموو پارەیە لە چیدا خەسار دەکەن کە بۆتان کۆ کردووەتەوە؟! ئاخ دایە گیان! مرۆڤایەتی بە کوشتن پاک نابێتەوە، بە خۆ کوژی نەبێ!"

خۆکوژی ژمارە یەک

ئیمزا: دووکتوور سۆران

**✍ ناسر فەتحی**




📷 Susanne Seiffert

## "برووسکەی بێ دایک و باب"

خاتوو خەرامان، بە تەنیا لەگەڵ تاقە نەوەکەی واتە ئاروان خان دەژیا. خاتوو خەرامان بە سجیل پەنجا و پێنج ساڵی بوو، بەڵام بە ڕەنگ و ڕوو حەفتا زیاتری دەنواند. جا یان سجیلیان درێنگ بۆ وەرگرتبوو یان هەژاری و کوێرەوەری ئاوا پەککەوتەی کردبوو. ئاروانی کوڕەزای خاتوو خەرامان دە ساڵی بوو. دایکی ئاروان لەو کچە خیابانیانەی تاران بوو کە کاتی خۆی بابی لە تارانەوە بردبوویەوە خورەماوا و لەوێ لەخۆی مارە کردبوو و ئیتر نەگەڕابووەوە بۆ تاران، بۆ کار لە تەرەبار. بابی ئاروان ماددەی هۆشبەری بە دایکی وەلانابوو و دوای دە مانگ خاوێن بوونەوەی لەشی لە مادە هۆشبەرەکان بە ئاروان دووگیان ببوو. خاتوو خەرامان لەو سەرەتایانەوە چەن جار لە دایکی ئاروانی پرسیبوو: "خەڵکی کوێ؟ دایک و باب و کەسووکارت لە کوێن؟" بەڵام دایکی ئاروان وەڵامێکی ڕوونی نەدابووەوە. هەر ئەوەندە گوتبووی: "منیش کوردم، بەڵام کوردی نازانم!" هەڵبەت باوکی ئاروان وەرگێڕێکی سادق نەبوو بۆ دایکی. چوونکە زۆرجار قسەکانی دایکی ئاروانی بە پێچەوانە بۆ وەردەگێڕاوە؛ دیارە تەنیا ئەوکاتەی کە لە دۆخی تەرک و خوماریی مادە هۆشبەرەکاندا بوو. بۆنموونە ئەورۆژە کە لێ پرسیبوو: "کەسووکارت لە کوێن؟" و ئەویش گوتبووی: "خودا دەزانێ لە چ زلکاوێکدا تۆپیون!"، بابی ئاروان ئاوای بۆ دایکی وەرگێڕابووەوە: "خودا لێیان خۆشبێ، عومری درێژیان داوە بە ئێوە."

خاتوو خەرامان بۆخۆی ناوی ئاروانی نابوو ئاروان. ڕۆژەکە کە ئاروان لەدایک ببوو و دایکی ویستبووی ناوی بنێ کوورش، بە کوڕەکەی گوتبوو: "کوڕم ناوی دەنێین ئاڕوان، حاشا لە کوورش! نەکەن ئەو ناوە پیسە لەسەر منداڵەکەتان دابنێن، کوورش لە ڕاستیدا گووڕەش بووە کردوویانە بە کوورش! ئاروان ناوێکی ڕەسن و کۆنی پێشینیانی ئێمەیە، بەواتای نیگابانی ئاگر! نەکەن پشتگوێی بخەن!"

ئاخری بابی ئاروان بۆ ئەوەی هەم دڵی دایکی، هەم دڵی ژنەکەی ڕاگرتبێ، بە سجیل ئاروان ناو دەنێ کوورش و لە ماڵێش پێی دەڵێن ئاروان.

خاتوو خەرامان کاتێک کوڕەکەی و بووکەکەی و نەوە ساواکەی وەبن دار و پەردووی بوومەلەرزە دەکەون و دەمرن، خانێکیش بە ناوی ئاروانەوە زیاد دەکات، بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێکی بەهێز و گەورە، وەک خانێک، بەرگەی مەرگی دایک و باب و خوشکی بگرێ.

خاتوو خەرامان ساڵێک بوو بە تەنیا لەگەڵ تاقە نەوەکەی واتە ئاروان خانی چاوگەشی چارەنووس ڕەش، دەژیا، کە فووی لە گڕی تەمەنی خۆی کرد و کووژایەوە. پێ دەچوو ئەویش کاتی خۆی

باپیری ئاروان لە زلکاوی تارانێکی دیکە ڕزگاری کردبێ و بردبێتییەوە خوڕەماوا؛ دەنا مەعقوول نەبوو ئەویش وەک دایکی ئاروان بێ کەسووکار بێت. بەڵام نا، ئەوکاتەی باپیری ئاروان خاتوو خەرامانی خواستبوو، خەڵک لەبری تاران دەچوون بۆ شاخ.

ئێستا ئیتر خاتوو خەرامان ناژی. کاتێک ئاروان ئاو بردی، سێڵاو بردی، ئەویش وەک ئەو فیشەکەی کە سەرووبەندی ئینقلاب لە شاخ مێردەکەی خامۆش کرد، وەک برووسکەیەکی بێ دایک و باب بە لەشی زەویدا هات و خامۆش بوو.

ـ ئاروانی ئاورەوانم، دەوان ئاوی ڕەوان دەیانبردی؛ خەرامانی خانە خراو ئەتۆش بۆخۆت دەمردی!

**✍ ناسر فەتحی**



📷 Horacio Selva

## "چرا"

باوکم تا درگاکەیان بۆی ئەکردەوە هەزار جار جەد و بن جەدی دایکمی ئەکردە کۆپان دۆز: تاریکە شەوە، بێ وەختە پەری لە کۆڵانایەو نویژەکەم درەنگ کەوتووە و خوامان لێ ڕازی نابێ،کە ئەخەوت بۆنی گوڵاوی بن قۆڵی مەلای لێ ئەهات،لە سەر پژمەیک دە جار ئەستەقفیرەڵای ئەوت،هیچ کات نەیهێشت هیچ سووچێکی ماڵ تاریکی داگیری بکات.نازانم لەسەر کام ڕکاتی شەو نۆیژ سەری نایەوە؟ تەنیا ئەزانم باوکم ڕوژیک وتی سەتەلایتەکەتانیش  نویژ ئەکا و ئەگەر ڕووەو قیبلە نەبێت هیچ چرایکی داناگیرسێ،١٣ پلەی باشووری ڕوژهەڵات.ئیستاش دوای دەیان ساڵ پیم وایە باوکم گشت ڕوژەکانی عومری بەدوای نەشە بوونیکی بێ کۆتایا ئەگەڕا،سۆک بوونیکی جەسەی،کە هەست بە هیچ ئازاریک نەکەی،وەک ئەو هەستەی یەکەم جار کە خەشابیکمان" خاڵی کردهەم بوو،ساردی سارد بووم،وشەی گوناح وەک چولەکە لە مێشکم فڕی و نەگەڕایەوەیان وەک ئەو ڕۆژەی بۆ دواین جارلە قووڵای ساویلکەییا ئارەقی کۆڵانە حەیاتەکەمان خواردوو گشتمان کەوتینە سەر تەختی نەخۆشخانە و نزیکترین هاوڕیم کوێر بوو.ڕیک وەک ئەو ڕۆژە من خاڵی بوومەوە لە گشت چتە نەرموو ڕوح سووکە ئاسمانیەکان کە باوکم بویان ئەگریا.چتی ئاوا،ئاسوودە بوون چرایک بوو دەمارەکانی پڕ کرد لە ئەو دنیایەی چاوەڕیم بوو وەک قارەمانی ماڵە تاریک و ڕوونەکان بەجێ بێڵم ،ژووری سۆزانیەکان،یەکەم ماچ،باوکم لە سووچی مزگەوتەوە تەسبیحی ون بوونی دەگوتەوە،میحراب چرکە لە دوای چرکە بەرەو گێژاویکی قووڵ نزم ئەبووەوە،بەرماڵەکان لە سەر بەحری قالیە تۆزاویەکان ئەلەرینەوە،شریخەی پێکەنین جارنەجاریک شوکی دەدام و ئەهاتمەوە سەرخۆ....... ئەو گلۆپە مەلعوونە کەس نایت نۆقمە ساری کات،شەو ڕۆژ لەم ژوورە نەفرەتیە ئەگەڕێ.تۆفانەکەی ناو داستانەکانی باوکم هەڵ ناکا دنیا و ئەم ژوورە و گلۆپە کەی لە ناو ببا و نەجاتم بێ.زیندان لای من هە میشە وەک ژووری تاکە کەسی و تارمایە لەداردراوەکان بوو کە دنیا توانای هەڵگرتنی ئاواتەکانیانی نەبوو،ئەهاتە پێش چاو،لیرە ڕیگەنادەن هیچ خەونێکت بشاریتەوە،ئای کە من چەن دوورم لە خۆم.ئای چەن خۆش بوو نیوە شەوان خەشابیکم تێ ئەکردوو کۆڵانە تاریکە شەکەتەکانم ئەبڕی و بەرەو هێلانە بۆن خۆشەکان ئەڕویشتم،ژێر پێم وردە وردە وەک دۆشەکە نەرم ئەبوون،دەنگی مردن و ژیانەوە تێک ئەچوون،ملوانکی نەچیر لە ملی کام لە پەریەکانی شارایە،نیوە شەوە گشت باوکەکان،ئیستا بە دەم تەراویحیکی ئەستەمەوە نوستوون،هیچ چرایک خەبەر نیە،شەو شەوی بەرازە،بێ خەونەکانە.

ئەم گڵۆپە تا نیوە مەرگم نەکا ناکوژێتەوە، یەکێک لە دەسبەسەر کراوە کۆنەکان ئەیوت:پێش خۆمان کەسانیک لیرە حەوڵی کوشتنی ئەم گڵۆپەیان داوە،یەک لە دوای یەک مردن و ڕوحیان لەم ناوە یاخی بوو،نەکەی خۆت وەک دوژمن بناسێنی ڕەحم بە کەسمان ناکا. ئیمە لیرە گیرمان خوارد،کەس بەتەمای خەلاس بوون نیە، هاوڕیان ئەمە دواین پێکە،ئەمەی وت و تەواو،بەدەس گشت گڵۆپەکانی دنیاوە خەلاس بوو،ئیتر بۆخۆی گشت کۆلانە کانی دنیا ئەگەڕی و بە تەمای تاریک داهاتنی دنیا نیە،ئارەقیکی توند بوو،وەک ئیمە نەفرەتی لە گشت ڕووناکیە قیزەونەکانی دنیا ئەکرد، بە دەم هاواری ئەکرد،گشت باوشەکانی دنیا تام و چێژیان لە تاریکی و بێ دەنگیایە.

"خەشاب: وشەیکی تازەیە و بە مانای یەک بەستە قورس یان حەبی مەوادی موخەدیرە.

**✍ وریا ساعێد**



Oleg Lukomskiy

## "ژوورنالیستی شەودەمان"

هەست بە ئازارێکی زۆر لە لای چەپی گەدەت دا، دەکەی. پێتخۆشە پشتێندێکی گەرمی پێوە ببەستی. لە پەستا مژ لە جغارەکەت دەدی و سووتووەکەی بێئەوەی بزانی نیوەی بەردەبێتەوە سەر ڕاخەرەکەت و نیوەشی ڕەنگە سەر ژێرسیغارەکەت!

یەکەم جار کە پێنووسەکەت بە پارەی چڵکنەوە لکا، نوێنەری شار بانگێشتنێکی تایبەتیی کردی بۆ شام و دوای شام...

شامی زانکۆت پێخۆش نەبوو. ئەو شەوە دوای شەونشینییەکی خوێندکاری، تەواو سەروگوێلاکی حکوومەتت تێککردبۆوە. دەتکوت هیچ بەربەستێک نابێ لە بەرامبەر پێنووسی نووسەر دا ببێت. دوای شەونشینییەکە، هێلکەوباینجانێکی بەتامت ساز کرد بۆ خۆت و هاوژوورەکانت. نووکی تیژی ئێسقانێکی نێو سووبەکە لایەکی گەرووتی دادڕی. لەبەر ئێشی گەرووت، پلاووگۆشتەکەت وەگیان نەکەوت. بە دەستێکی لەرزۆک تراوێڵەکەت لێوەرگرت. مەلاشووت دەکزاوە. لە شەوی لەدایکبوونی خۆشەویستەکەت، لەسەر قەرەوێڵەکەی نووستنگەی زانکۆ، ڕاکشابووی. بە موبایلەکەت پێوەندیت پێوەگرت. دوای پیرۆز باییی لەدایکبوونی، پێتگوت؛ خۆشەویستەکەم، یەکەم ئاواتت چییە؟

ئەویش گوتی، کاتێک باران دەبارێ لە باوەشی تۆ دا بم. ئەی یەکەم ئاواتی تۆ چییە؛ گوڵم؟

تۆش گوتت: هەمیشە باران ببارێت! دوای حەوت ساڵ وەدووکەوتن و دیلمانجی و قەڵەمفرۆشی بۆ نوێنەری شار، هەر ئەوڕۆوسبەینێ دەکەی بە خۆشەویستەکەت و قەولی ڕاستی، بۆ زەماوەند نادەیەی! هێمنی هاوڕێت ئاگادارت دەکاتەوە کە نوێنەر، بە هۆی گەندەڵی ئاکارییەوە لە لایەن حکوومەتەوە دەستبەسەر کراوە و ژنەکەی تەلاقی لێوەرگرتووە. بۆ خۆت پێشتر ئاگاداری گەندەڵی ئابووریی نوێنەر بووی. داخی نووسینی دوایین وتارت دێ کە بە قەولی خەلاتی ماشێنەوە بۆت بلاوکردبۆوە و بە شاخ و باڵیت دا، هەڵزەنیبوو. خۆشەویستەکەت زەنگت بۆ لێدەدا؛ قونچکە سیغارەکەت دەکووژێنییەوە. وڵامی موبایلەکەت نادەیەوە. ڕووگەی گەندەڵی ئاواتەکانت، دوای ١٢ ساڵ خەیانەت، لە لایەکەوە لە زەلکاوی گەندەڵی دا ڕۆچووە و لە لایەکی دیکەشەوە، پێکهاتەی بنەماڵەی تێکقرماوە و تۆش...

**✍ بیژەن ڕەحمانی**



Artem Kemenyash

## "لار"

لەسەر لمی کەنار دەریا ڕاکشابوو. چاوی نووقاندبوو، بەڵام نەخەوتبوو. گوێی دابۆوە دەنگەکان. دەنگی باڵندەکانی کەنار دەریاکە دەهات، لەم چەند ڕۆژە سەفەرەی، زۆری دیتبوون و زۆر گوێبیستی دەنگیان ببوو. لە ناوچەی خۆیان لەم جۆرە پەلەوەرانەی لێ نەبوو. ناوی ئەوانەی ئێرەی نەدەزانی. باڵندەیەک کە ژێر زگی سپی و سەر باڵیان خۆڵەمێشی بوو و دنووکی زەرد. تەنیا دەیزانی جۆرێ باڵندەیەکە تایبەت بە کەنار دەریا. کراسەکەی داکەندبوو و فڕێی دابوویە سەر لمەکە و چاویلکە ڕەشەکەی لە چاو کردبوو. لاقی بەرەو دەریا درێژ کرد. سووکە بایەکی گەرمی دەهات و شەپۆلی وردوردی ئاوەکە لە کەنارەکە دەدرا و جارجار بە هێواشی خۆی لە پاژنەی لاقی دەخشکاند; ئاوێکی شیلەوگەرم بوو. لە دڵی خۆیدا کوتی: خودا لەونی لێگۆڕیوم دەنا پیاوی عاقڵ بەم گەرمایە بۆ لە بەر خۆر ڕادەکشێ. دەنگی کۆمەڵێ منداڵ دەهات کە بەرەو ئەو دهاتن، دەنگیان لە دوورەوە کچانە بوو و بڕێکیش کوڕانە، بەڵام بە دەنگی پێکەنینیان زانی کوڕن، کچ ناسک پێدەکەنێ; لانیکەم لە وڵاتی خۆیان کچان وابوون. دەنگەکان نیزیکتر بوونەوە، دەبوو چوار کوڕ بن و لەنێوان هەشت بۆ نۆ ساڵان بن. لە زمانیان تێنەدەگەیشت، کوڕەکان قسەیان دەکرد و بڕێ بێدەنگ بوون.

کوتی: پێموا باسی من دەکەن. پێیوابوو یەکێک لە کوڕەکان دەڵێ: ئەرێ ئەم کابرایە شێت نییە بەم گەرمایە لێرە درێژ بووە؟

لەوانەیە ئەوەیتر کوتبێتی: نانا، شێتی چی؟ نابینی جلەکانی چ جوانن، ئێرەیی نییە، غەوارەیە. سێهەمیش دەڵێ: بەدڵنیانییەوە گەشتیارە. بڕێک سرتەیان کرد و قاقایەکیان کێشا. پێموا خەریکی پلانداڕشتن بوون کە کراسەکەی بدزن یان پێڵاوەکانی یان کیفەکەی; دواتر کوتبێتیان: نا ئێمە دز نین و پێکەنیبێتن لە چاوەڕوانی ماندوو ببوو، چاوی هەڵێنا و چاویلکەکەی لابرد و سەیری کاتژمێرەکەی کرد. پێنج خولەکی مابوو تا دوازدەی نیوەڕۆ. دیسان چاوی داخست و کپوبێدەنگ ڕاکشا و گوێی هەڵخست. نازانێت چەندەی دیکە ڕاکشا، ئەم جارە دەنگێ لێی نیزیک بۆوە، ئەگەر لە شەقام بوایە یان ژووری کارەکەی یان هۆتێل بە دەنگی کەوشەکانی دەیزانی چەند کەسن. بەڵام بەم لمە تەنیا بە هەناسەکانیاندا دەیزانی. دەنگێ لە بن گوێیدا گوتی: خەوتووی؟ هەر وەک کوتم دێم و بیینە هاتم. بە دەستی چەپی چاویلکەکەی لابرد و سێبەری بۆ چاوی کرد و زەردەیەکی گرت و کوتی: تۆ هەمووکات ڕاستگۆ بووی، بێجگە لەوە چاوەڕوانیترم لێت نەبوو. هێرۆ نێوچاوانی تێک نا و وڵامی داوە: هێرش، تۆ قەت بڕوات پێم نەبووە، من کوتم باشە چون ناچارم، بەڵام ئەستەمە. من

نەمتوانی بچم. درەنگ هاتم بەڵام درۆم نەکرد. هێرش لاسایی کردەوە: من نەمتوانی من نەمتوانی. ئەوم بۆت ئامادە کردبوو، سازکراو بوو، تەیار بوو. بۆ نەتوانی؟ بۆ؟ بە توورەییەوە دەنگی بەرز کردەوە: هەموو قەرزەکانی مێردەتۆپیوەکەتم بۆ دایەوە لە بەر ئەم کارە. دەڵێی نەمتوانی؟ یەک وێنەم لێت دەویست یەک گرتەڤیدۆ. تۆ ڕۆڵیت بگێڕیبایە چ دەبوو؟ ماچێ هێندەی نازومەکری تۆی ناوێ. نازانی چەندە پێویستیم بەم هەلە بوو، تێبگە دەبێ لەم هەڵبژاردنەدا بیبەمەوە. دەبێ بە ناوبانگ بم و خۆم لە شاردا بناسێنم. بە ئابڕووچوون نەبێ چۆنی بشکێنم؟ چۆنی لابەم؟ ئەی بۆ چی تۆم هێنایە ئەم شارە! بۆ لە هوتێل لای ئەو، ژوورم بۆ گرتیت و ئێوەم کردە هاوڕێ؟ بۆ قسە ناکەی؟ خۆ ئێوە زۆر لێک نیزیک ببوونەوە. قووڵی کارەکەتم نەدەویست تەنیا بۆ پێکەنین ماچت بکردایە و وێنەیەکەت بۆ بناردایەم. تۆ پێم قەرزداری، دەبێ بۆم جێبەجێ بکەی. سەری داخست و چاوی لە تووکی سەر سنگی هێرش بڕی و قەدرێ مات بوو.

- لە ژێر هەڕەشەی تۆدا بم باشترە تا لە نێو ئاوری قسەی خەڵکدا بیسووتێنم. تۆمەتی ئاوا بۆ ئەو، وەک کوشتنیەتی. ناتوانم هیچ بکەم. ئەو پیاوەی منت بۆ هێنابوو و ویستت من سووکی کەم; هەر ئەو، ئەو کەسە بوو پووڵی نەخۆشخانەی باوکمانی دابوو. کە سەیری بەژنیم دەکرد هەمان سنگی باوکمی وەبیر دێنامەوە، ئەویش سنگی دەردەپەڕێنێ کە بە ڕێگادا دەڕوات. تۆی لەسەر کار دامەزراند. ناسیمەوە بۆیە نەمتوانی، ئەگەر ئەم سەری مانگە، کە پووڵی کاربەدەستان تێدەکەن و ئێمەت وێک نەخستایە; قەت نەمدەناسیەوە. لە بەر کردەوە پیسەکانت تۆیان لە کار دوور خستەوە، دیسان وابکەی و پێت بزانن، لە من دەقەومێ کاکە. بێ تۆ چی بکەم؟ تا کەی تاوانی کارەکانت دەخەیە مل ئەموئەو؟ تا کەی خۆت بە خەڵک کۆ دەکەیەوە؟ تۆ دڵت زۆر پیسە، زۆر ناپاکی. تۆ ئەو پاڵەوانە نی کە منداڵەکەت بیری لێدەکاتەوە، خۆزگە قەت پێت نەزانێ. چاوەڕێی وڵامی هێرشی نەکرد، هەستا سەر پێ. پێڵاوەکانی داکەند و بەرەو دەریا ڕۆیی، تا ئەژنۆ چووە نێو ئاوەکە. چاوی نووقاند و باوەشی کردەوە. کزەبا فێنکتر ببوو. هێرش هەر دەیگوڕاند بەڵام گوێی لێ کەڕ کرد. وەبیر قسەکەی داپیری کەوتەوە دەیکوت: "نان لە دمی شێردایە". نان پەیاکردن بۆ براکەی چ پیس بووە. بۆ وا پیس بووە؟

✍ **ژاڵە جبراییلی**



Frank Lehmann

## "قامکی ئاماژە"

بە پێچەوانەی هەموو ئەو کەسانەی خەوەکانیان هەر جارە و لە شوێنێ دەبینن، تۆ تەنیا لە یەک شوێن خەوت دەبینی و تەنیا یەک خەویشت دەبینی، خەوێکی دووپاتە. وەکوو شانۆیە کە هەر ڕۆژ نمایش دەکرێ و دیمەنەکان هەر جارەو وەکوو خۆی لێدەکرێتەوە و ئەکتەرەکان ڕۆڵەکانیان دووبارە دەگێڕن، تۆیش هەموو جارێ دەکەویتە ناو ئەم شانۆ دووپاتەیە. تۆ و پیرەمێردەکەی دراوسێتان لە گەڵ کورسییە نزمەکەی؛ تۆ و باوەشێ نانی گەرم و ڕێڕەوێکی تەنگ و تاریک؛ تۆ و هێڵێکی فەرامۆش کراو و دڵەڕاوکێ و پنجەی ئاماژەی مامۆستایەکی سەرسپی ماندوو کە بەردەوام بە سەرتا دەکوتێ، تۆ و پلیکانەیەکی دارینەی هەڵواسراو بە دیواری حەوشەکەدا و هێلانەیەکی بچووک لە ژێر چڵی دار هەنارێکا و چەن هێلکە کۆترێ! تۆ و ئەم هەموو کۆترە یاخییە کە ئێستا ناونیشانتیان دۆزیویتەوە و هەموو بەیانییە لە شیشەی پەنجەرەکەت دەدەن. ئەوەت کاتێ بۆ دەرکەوت کە تازە لەو کۆڵانە بارتان کردبوو و تۆ حەزت لەم خانووە بەرزە بێ حەوشەیە و ئەم ژوورە ساردە شپرزە و کێشانەوەی ئەم هەموو وێنە ئاڵۆزانەی سەر دەیوارەکەت نەدەکرد. سەرەتاکان پێت وابوو هۆکاری ئەوەیە کە هێشتا نەتتوانیووە لە گەڵ ئەم شوێنە تازەیە ڕابێیت، بەخۆت دەگوت: ماوەیەتر هەموو شتێ ئاسایی دەبێتەوە. بەڵام هەر جار کە چاو هەڵدێنی، ڕێک لە بەردەم نانەواخانەی تەنیشت خانووەکۆنەکەتانی و چەند نانێکی گەرمت بە باوەشەوە گرتووە و دەڕۆی زەنگی درگاکەتان لێدەدەی. پیرەمێردەکەی دراوسێشتان بە کورسییەکەیەوە لە پەنای دارتێلەکەی بەرماڵتان دانیشتووە و تا هەڵکردنی چرای دارتێلەکە بە عەینەکە قەویەکانیەوە بۆ دوور دەڕوانێ و تۆ برێ جار لە عەینەکەکانی دەترسی و لە چاوەکانی کە قەوی و ئەبڵەقن، لە دەستەکانی کە بە گۆچانەکەیەوە دەلەرزن و لە تەزبێحەکەی کە دەنک دەنک دایدەخات. مرۆڤ کە پیر دەبێ ترسناکتریش دەبێ، تەواوی ڕۆژ دەبێ خۆ بشارێتەوە، چونکا نە کەس تاقەتی بیستنی دەنگی هەیە و نە کەسیش ئارەزووی دیتنی ئەو چاوە ئەبڵەقە کزانەی هەیە. ئەو نیوەڕۆ پیرەمێردەکەی دراوسێتان بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ نەڕۆیشتبووەوە و تۆ بە خێراییەکی زۆرترەوە ڕێڕەوەکەت تێپەڕ دەکرد. ئەوەندە خێرا دەڕۆشتی کە ئاگات لە بەردەمت نەدەما و زرم بە عەرزەکەتدا دەدا، بیر لە ئێشی ئەژنۆت نەدەکردەوە و ئاوڕت لە پشت سەرت دەداوە و لە سێبەرێکی ڕەش کە خێراییەکانتی دەپێوا. مرۆڤ زۆر جار لە تاریکی دەترسێ و لە ڕەنگی ڕەش! تۆیش زۆر جار کە دەنووی، گڵۆپی

ژوورەکەت بە هەڵکراوی دەهێڵیتەوە و بێ ئەوەی شەرم بکەیت دەڵێی دەترسم، ترس کوا شەرمی دەوێ؟ مشتێ بڕوێشت هەڵگرتبوو و بەرەو هێلانەی کۆترەکان، خۆت بە حەوشە پشتووەکەدا دەکرد. تا دێی بڕوێشەکە بڕژێنی، بە شیشەی پەنجەرەکەتدا دەکوتێ و تۆ هەر دوو دەستت بەسەرتەوە دەگری و خۆت لە سەر جێگاکەتا دەتلێنیتەوە و هاوار دەکەیت، ئەو گڵۆپانە هەڵکەن! تۆ دەتوانی هێلانەی کوترەکە بەو دیوا بخەیت، ڕێک بۆ نێو کۆڵانەکە. ئیتر ڕزگارت دەبێ لە دەندووک و تێکوتان. بە پلیکانە دارینەکەدا بۆ سەر دیواری حەوشەکە سەردەکەوتیت، پێنج هێلکەی بچووک لە نێو هێلانەکەدابوو. ئەگەر هێلکەکان بشکێنی کۆترەکان بۆ هەمیشە لێرە دەڕۆن و تۆ ڕزگارت دەبێ لە تێکوتان! لە سەر لێواری حەوزی حەوشەکە دانیشتبووی و بە قامکی ئاماژە لە گەڵ ماسییە بچووکەکان یاری دەکرد. ماسیەکان خوویان بە قامکی ئاماژەت گرتبوو و بە دەوریدا دەسووڕانەوە. لە ڕێڕەوەکە هاتیتە دەر و بە پەلە لە پەنای پیرەمێردەکەوە تێپەڕ بوویت، هێشتا گڵۆپی دارتێلەکە هەڵنەکراوبوو. تەقەی شیشەکە هات، گوێیەکانت گرتبوو بەڵام تابێ نزیک دەبووەوە و ئەمجارە بە سەرتیا دەکوتا. دڵت بە خێرایی لێیدەدا دیسان هێڵەکەت لێشێوابوو، دەتزانی ئێستا بە قامکی ئاماژەی بەسەرتا دەکوتێ. مامۆستای زمانی ئینگلیزیەکەتان کاتێ تووڕە دەبوو ئەوەندە بەو قامکە قەڵەوانەی بەسەرتا دەیکوتا تا بە بیرت بێتەوە لە کام هێڵی. ئەو دوایین ساڵی وانەگوتنەوەی بوو و بێزار و بێتاقەت ئەم سەراوسەری پۆلەکەی دەپێوی. هەڵدەستی پەنجەرەکە دەکەیتەوە و پاڵ بە کۆترەکەوە دەنێی و لە خۆتی دوور دەخەیتەوە. بەڵام دیسان بە خێرایی خۆی بە شیشەکەدا دەکوتێ. هێلانەکەیان لە ژێر چڵی دارسێوەکە درووست کردووە. بەرەو کۆڵانەکە پاڵی پێوە دەنێی؛ زەردێنەی هێلکەکان بەسەر عەرزەکەدا پژاوە. تەنیا قامکێ نییە کە بەسەرتا دەکوترێ، کۆترەکە ئێستا هاوڕێکانیشی هاوردووە و قامکگەلێکی زۆرن کە بەسەرتا دەکوتن. دەستت لە نەردەی تەختەکەت دەکەنەوە و پەرداخێ ئاوی سارد دەخۆیتەوە.

**✍ شەرمین ساڵحی**




Volker Wagner

## "پەنجەکان"

"مزیٚ" دەستی کردە گیرفانیاو فەنەکەکەی دەرهاورد و جگەرەیکی داگیرساند. مژی لێداو دووکەڵەکەی دا دەم باوە. ماشێنیٚ پولیس لەوبەر شەقامەکە ڕاوەستا. جگەرەکەی بە پەنجەکانی کوژاندەوەو وتی:"چەنێک لە ڕەمەزان ماگە"؟ کانەبی لە بەرانبەریەوە، لە سەر سەندەڵیک دانیشتبوو، بۆ ماشێن پولیسەکەڕوانی و وتی:"خوا بازاڕیان هەڵ ناپێچیٚ"!

مزیٚ لە سەر کورسیک دانیشت و پەنجەی هەڵپێکا و چاوی گێڕا بۆ درگا داخراوەکەی قاوەخانەکە. کانەبی هێشتا بو ئەوبەر شەقامەکە ئەیڕوانی. مزیٚ چاوێکی گێڕا بۆ ماشێن پولیسەکان و بو درگا داخراوەکەی قاوەخانەکە ڕوانی و وتی:"چوار خانەوادە خەرجیان هابان ئەم دووکانەوە..."!

کانەبی وتی: "گۆڕیان گوم کرد. چوون". مزیٚ وتی: "ئەمە مانگێکە چوارقرانیان نەبرگەسە ناو ژن و مناڵیان"! کانەبی وتی: "بتوتایە نەخوشم". مزیٚ هەر بو درگاکە ئەیڕوانی و وتی: "شەریکەکەی چووگە بو تاران". کانەبی وتی: "چەیان پێت ئەکرد"؟ مزیٚ درێژەی بە قسەکەی داو وتی:" چوار خانەوادە مەگەر بە با ئەژین؟ خەرجیان گەرەک"! کانەبی وتی: "شەللاقتیان ئەدا"؟ مزیٚ وتی: "لەم شارە کاروکاسبی نەماگە. شەریکەکەی چووگە بو تاران". کانەبی هەر چاوی لەوبەر شەقامەکە بوو، وتی: "دائیسە کەسیان بەبوون سگارێکەوە سەر نەبڕیگە"! مزیٚ کورسیەکەی جێبەجیٚ کرد و هاتە بەرانبەر نانەواخانەکە دانیشت. چاوی گێڕایە درگا داخراوەکەی قاوەخانەکەو، وتی: "ئەو کاول بووگە پڕە لە کار"! کانەبی وتی: "هەر پەنج ڕۆژی ماگە"! مزیٚ وتی: "کرێکار بێکار نامێنیٚ"!

کانەبی وتی: "ئیتر ئەوەنە سگار بکێشە تا ناقت تێتە یەک". پاڵی دا دیوارەکەو بێدەنگ، لەوبەر شەقاماکە ڕاما. مزیٚ چاوی بڕیە چێرەی کانەبیەوە. نانەواخانەکە تەحتێڵ بوو، دەنگ ڕمەو هاڕەی پیکۆر ئەهات. مزیٚ وتی: "ئەمانە خەریک چەن"؟ کانەبی بێدەنگ هیچی نەوت. جوابی خۆی دایەوەو وتی: "سکی تێرەو سەڕی هاتگە"! کرێکارێک خاک خۆڵەکەی لە بەر درگاکە هەڵئەڕژاند. مزیٚ پرسی: "سفتاحت کرگە"؟ کانەبی جوابی نەداوە. مزیٚ بۆ سەر موزایکەکان پیادەڕەوەکە ڕوانی و وتی: "ئەمە مانگێکە چوار قرانیان نەبرگەسە ناو ژن و مناڵیان". کانەبی وتی: "گشتی پەنج ڕۆژترە". مزیٚ وتی: "کاروکاسبی لەم شارە نیە".

کانەبی بو سەماوەرە چاک نەکراوەکان ڕوانی. مزیٚ وتی: "تاران پڕە لەکار"! کانەبی هەر سەرقاڵ ڕوانین بو سەماوەرەکان بوو. مزیٚ پرسی: "سفتاحت نەکرگە"؟ جەلالەڕەش بەسەر پێەوە، گوێی لەو وتووێژە بوو. پاش بێدەنگیکی درێژ، دای بەسەر گێرفانەکەی داو بە

دەنگێکی کز، وتی: "خوازیای کا،١٠٠هەزارتمەن کاسبیم کرگە". لێان دوور کەوتەوە. مزێ بو شوێنەکەی ئەیڕوانی و، وتی: "خۆزگەمان بەخۆت، ئەوە کانەبی هێشتا سفتاحی نەکرگە"! کانەبی هێشتا بو سەماوەرە چاک نەکراوەکان ئەیڕوانی و وتی: "مەگەر ژنەکەی باگانا..."! کرێکارەکەی نانەواخانەکە دای بە قاقای پێکەنینا. مزێ بو کانەبی ڕوانی و وتی: "نەخۆزگم بە خۆی..."! کانەبی بۆ ئەوبەر شەقامەکە، بو منارەی مزگەوت "ئەدەب"، ڕوانی و وتی: "هەر پەنج ڕۆژی ماگە". مزێ دەستی کردە گێرفانیاو فەنەکەکەی دەرهاوردو جگەرەیکی داگیرساند. بو درگا داخراوەکەی قاوەخانەکە ڕوانی و وتی: "مناڵەکان مامۆم لە برسیا ئەمرن"!!

**✍ سەیفۆڵا ساعێدمووژەژی**



MILSTER

(١)

## "کوێرەکان"

لە ئەشکەوتە هەناسەوەریو و سیخنەکەیاندارڕۆحیانەتەکان بەبەرد ئەنجن بەدیوەکاندا لە خاچ درابوون بەر لە ڕاوی هۆرە باڵ سەماکەرەکانی بەیانی، دایەنە بەفر بەسەرەکەمان فەریادی دوایینەکانی حەواڵەمان دەکرد.

ـ سەرکەش بن با کەس لەرزینتان نەبینێ و جۆگەلەی ئومیدتان بەرەو سەرلێشێوان هەڵنەکات ، لەئەژنۆ بچنە سەرپێ لە لێواری سزی ئەم جۆگەلە مەمێنن...

ئەو ئاوە مەبن بە هەڵکرانتان ،کەریەتی تێراو بێت. دایەنمان کۆچی مەرگی پێوا ، ئێمە ماینەوە و خۆشاردنەوە لە ئەشکەوتی سیخندا. چارە لێمان تۆرابوو شەمشەمە پیرەکان هەموو شەوێ کۆبوونەوەیەکیان دەکرد و دەیانوت هەرکەس سێ شەو لە دوای یەک ڕیزان بباتەوە دەبێتە سەرکردە ، بە ڕۆشتی چلەی دایەنە دڵسۆزەکەمان ئێمە ئێستە گەورەیەکمان بوو ئەو لە ڕیزاندا زۆر باش وەکوو ئێمە سەرەو ژێر نەدەخەوت دەوترا باوکی نەبینراوە ودایکی دوای بوونی مردووە بەڵام من لە کەسێکم بیست دایکی دەر کراوە و دایەنە نەماوەکەمان نەیهێشتووە گەورەمان لەناو بڕوا. نەماندەزانی بە هاتنی گەورەمان پەلەقاژێ بە ڕۆحمان سپێردراوە ...

ڕۆژی دوای هەڵبژاردنی لەسەر تاشەبەردێک وەستا و گوێمان لە دەنگی بوو ...

ـ ئێوە ترسنۆکن دەبێ خوێنتان پاک ببێتەوە ئەو گیانە لەرزۆکەتان دەبێ لە ترس ڕاتەکێنین فەرمانی من ئەوەیە : جووت بوونی دوو شەمشەمەکوێرە قەدەغەیە و ئەوەی بیکات یاسای پێچاوەتەوە و دەیەوێ تیاتانا ببات ئەرکێ هەمووتان ئەوەی هەر کەستان بینی دژی ئەمە دەجووڵێ بۆ لە ناو برد ڕادەستی دیوانی پیرە شەمەکانی بکات ئێوە تەنیا دەبێ جووت بونتان لەگەڵ قالاوەکان و جۆلایکەرە کاندا ببێ ، ئێمە دەبێ ببین بە ئەوان ، ئازا ، ئازاد و سەربەخۆ ئامانجمان تەنها دەبێ بینین و چوونە دەرەوە بێت.

وەک هەزارپێیەک کە تەنها دە پێی بۆ مابێتەوە و بۆ مانەوە لاشە لە زەوی خێش بکات هەوڵمان دەدا. بەڵام کام بوونەوەری لە ئێمە ترسنۆکتر دەهاتە لانەی کەوسپکەوتوومان؟! کێ بوو ئەو دەست لە ژیان هەڵگرتووە؟

کوێر بوین و گزنگی ژیانمان هەست پێ نەدەکرد ، لای گەورەمان کوێری عەیب و عاربوو. ئەو لاوازەکانی نەدەویست هیچکات نەمانزانی گەورەمان کوێرە یانە من پێم وایە سەرەو

خوار بوونی ئێمەی دەبینی چوون هەر ڕۆژ بە کەم بوونەوەمان  زیاتر دەنگی بەرز دەبووەوە تا ڕۆژێ ئیتر هیچکات دەنگیمان نەبیست و لە دەرگا لابراوەکەی ئەشکەوت بالایەکی غەریب دەهات. ئێمە خراپ لە پەندەکانی  دایەنمان لە کوێماندا زرێنگابووەوە  ئێمە تەنها کوێر نەبووین بێهۆشیش بووین و نەماندەزانی  گوێیەکی بە تین و دەنگێکی تیژمان پێ سپێردراوە. لە چوونە دەرەوە دەترساین و مەمکی ئازایی مان دەم کۆرپەکانمان نەدەنا و لانکی خاڵی مان ئەلاواند ، لەوەی لە ڕووناکی لێی فەرقانمان دەکرد لە ناو خۆمان و لە تاریکی سەری هەڵدا ...

(٢)

## "بۆ من بن"

دوای دەستهێنان بە پێستی سەندەڵیەکەدا بە دەم قسە کردنەوە بیری لەوەش دەکردەوە کە ئێستە بۆنی  نەماوە ...

وتی: زوهرە گیان با ئەمشەو لێرە فلیمێ ببینین و ئەو خوشکایەتیەمان قایمکەینەوە. زوهرە لە دیار نەمانی دوو مانگەی سێوە هێشتا داخ لەدڵ بوو هاتبوو تۆزێ یارا دڵخۆشی بداتەوە. سێوە و زوهرە و یارا چوار ساڵ دەبوو هاوڕێ بوون و یارا لەو دووانەکەی تر بە تەمەن گەورەتر بوو و دایمە دانی بە غەمەکانی خۆیدا دەنا و باسی نەدەکردن لە هەموو خۆشی و ناخۆشیدا بۆ سێوە و زوهرە پەناگا بوبوو. یارا لە هەموو دونیا تەنها سێوە وزوهرەی هەبوو و  وا بڕیار بوو سێوە لە وڵاتێکی دوور شوو بکات و بەدوای خۆشبەختیدا بڕوا و ئێستە دیار نەبوو  و تا ئەبەد لای یارا مابووەوە و هەموو ڕۆژ دەستی بە پێستیدا دەهێنا و لە باوەشی دا دادەنیشت. ڕۆژی پێنج فەرز بە گوێیدا بانگی تۆ هین منی دەدا...

Konstantin Kolosov

هەموو کەسی یارا ئێستا سەندەڵیەک و درگایەکی پێستی نایاب و خۆشەویست بوو لە کتێب خانەکەی...

**ندا موحەممەدزادە ✍**



Konstantin Kolosov

## "ئالبینیسم"

دە و سیوسێ خولەکی شەو بوو، وەک هەموو شەوێ چووە سەر جێخەوەکەی و بالنجەکەی دایە پشت خۆی و ڕاکشا. چاوی لە برمیچ بڕیبوو. دەستی خستبۆوە لەسەر زگی پووچەڵی. هەستوخستی لەخۆی بڕیبوو، لە منداڵەکەی ناو زگی دەگەڕا. دوو ساڵ و چوارمانگ بوو لە دووگیانیەکەی دووهەمی تێپەڕ ببوو. هەموو مانگێ لە هەوەڵ شەوی سووڕیمانگانەیدا، لەو کاتژمێرەدا زگی دەجوولێ. هەوەڵجار کە ئاگای بە جووڵانی زگی کرد بانگی هاوسەرەکەی کرد، ویستی بڵێت: دیسان کۆرپەمان بەرێوەیە. بەڵام دەستەبچکۆلانەکەی کچە پرچڕەشەکەی، پێش دمی گرت و نەیهێشت هیچ بڵێت. ئاوڕی داوە. قژەڕەشەکانی بەردابۆوە و هیچ دموچاوی دیار نەبوو، نەیزانی شێوەی چۆناوچۆنە. تا لەبیری بوو پرچی هەر بەم قەوارەیە بوو. ڕەش و درێژ. لەمێژ ساڵە لە ئینتیزاری دیتنی چاوەکانیەتی.

بۆ یەکەمجار کە بینی، تازەلاوێک بوو. پرچی ڕەشی تا نێوپشتی دەهات. چوو مقەستەکەی هێنا و کوتی بیبڕەوە. پشتی لە دایکی کرد و ئەویش هەندێکی بۆ کورت کردەوە. دواییش بۆی شانە کرد. ڕۆیی و نەیهێشت دایکی بۆنی پێوە بکات. دووهەمجار منداڵێکی سێ ساڵان بوو. لە چێشتخانەکە ڕوو بە ئامێری جلشۆریەکە دانیشتبوو و مقەستێکی پێبوو پرچی خۆی بڕی و فڕێی دا و بە تەپوکوتێکی منداڵانە بەرەو حەوشە چوو. سێهەمجار کچێکی جحێڵ بوو. لە فرۆشگا پرچی بەر درگاکە کەوت و بڕێ لە قژی قرتاند. بەم شێوەیە هەر کاتێ لە شوێنێ و بە تەمەنێکەوە دەیدیت و هەموو جارێ پەڕۆیەکی زەرد و کاڵی لەخۆی ئاڵاندبوو. نە دەستی دیار بوو نە لاقی. کاتێ دەهات، سوکنایەکی لەگەڵ خۆی دێنا، وەک ئەوەی کەسێ، دەستی خستبێتە ناخیەوە و بە هەر دوودەستی دڵی لەگەڵ خۆی بۆ ئەو شوێنە دەبات.

دوای ڕۆیشتنی، ئەوەی بۆ دایکی دەماوە هەر قژی ڕەش بوو. هەمووی کۆ کردبۆوە و لە جیات تووکوپەڕی باڵندە، باڵنجی پێ دروست کردبوو و لەسەری دەخەوت و خەونی لەباوەشگرتنی ئەوی لەسەر دەدیت.

کاتێ لەدایک بوو پرچی زەرد بوو، پەرەستارەکە بە باوکی کوتبوو: منداڵێکی کاڵووالْت بووە، پیرۆزە. باوکی وەک ئەوەی لە برقی بدەن، شۆک بوو. پەرەستارەکە کوتی مزگێنم دەوێ؟ دەبێ مزگێنیەکەم بەقەدەر جوانی کۆرپەکە بێ، بە نرخ بێ، هێندە ناسکە دەڵێی گوڵەبەڕۆژەیە تازە پشکوتووە، قامکی بۆ بەری دەڕووشێ.

بەڵام چون زووتر لە وادەی خۆی بە دونیا هاتووە دەبێ تا ماوەیەک لێرە بمێننەوە و لەژێر چاودێری دابێ.

منداڵی کاڵ؟ بۆ ئەو؟ چۆن دەبێ؟

باوکی هۆشی لەسەر خۆی نامابوو، وەبیری پیاوە ئەڵمانیەکە کەوت کە میوانی جیرانەکەیان بوو و شەوانە تووتکە سەگەکەی لە کولانەی سەگی پێشووی ئەوانی دەخست; دەستی کرد بە گیرفانیدا و ئەو ملوانکە زیوەی وا بۆ دیاری منداڵەکەی کڕیبووی، دای بە پەرەستارەکە. ئەویش دمی لە خۆشیا داچەقی و وەریگرت و ڕۆیی.

چوو سەردانی کچەکەی کرد. هێندە کاڵ بوو، برۆ و برژۆڵی دیار نەبوو. زەرد بوو. ئەو منداڵانەی تر هەموو وەک یەک ڕەش بوون، تەنیا ئەوە کاڵ بوو.

بۆ؟ بۆ ڕەش نەبوو؟ بۆ کاڵە؟ بۆ زەردە؟ بۆ وەک من نییە؟

بەم قسانە دڵی کرمێ بوو. شێوەی کابرا ئاڵمانیەکەی دەهاتەوە بەر چاو. مستی گرێ دابوو، ویستی بیدا لەو شووشەی وا کچە کاڵەکەی تێدایە و بیشکێنێ و هەڵیگرت و بیبات بۆ ژنەکەی و بڵێت بۆ؟

پەرەستارەکە، کە ملوانکەکەی لە مل کردبوو هات و نیشانی دا و کوتی: ئەگەر وەک کچەکەت کاڵ بوومایە جا لێم دەهات. باوکی بێ دوودڵی گوتی: چەند ملوانکەی ترت دەوێ؟

جاری وایە دێت بۆ لای دایکی. ئەو شەوەش ویستی پێش دایکی بگرێت، بەڵام بانگی باوکی کردبوو. نەیتوانی پێشی پێبگرێت. دەست بچکۆلانەکەی لە بەر دمی دایکی لابرد. دایکی بۆ سەدەمین جار ویستی پرچی لادات و شێوەی کچە ونبووەکەی ببینێ. بەڵام ئەویش بۆ سەدەمین جار سەری داخست و نەیهێشت.

باوکی هات و پرسی چییە؟ دایکی ئاوڕی داوە و چووە بەرامبەری ڕاوەستا و گوتی دووگیانە. باوکی گوتی: نامهەوێ، نامهەوێ. دایکی گوتی: من چاوەڕێی نابم تا ئەو بدۆزینەوە. جێگەی پڕ دەکەمەوە. باوکی پێنج ساڵ بوو مستی هەر قوچاندبوو، هەموو تووڕەیی پێنج ساڵ لەمەوبەری تێدا کۆ ببۆوە. مستی بە ڕقەوە کوتا بە زگی دایکی و گوتی نامهەوێ.

کچەکە ترسا، بە دەستی چاوی گرت و هەندێ لە قژی هەڵوەری.

دایکی لە بەر پەنجەرەکە بوو. شار تاریک و ڕەش بوو. بێجگە لە ڕووناکیی گڵۆپی داربرقەکانی کۆڵانی خۆیان هیچیتری نەدەدی. پەنجەرەکەی پێوەدا و بەرەو درگاکەوە چوو. کچە هەشت ساڵانەکەی لەسەر جێخەوەکە دانیشتبوو. باوکی هاتە ژوورەوە و کوتی بۆ بانگت کردم؟ دایکی وەکوو ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، پێکەنی و گوتی: من دووگیانم، دەستت

لەسەر زگم دانێ. سێیەمین منداڵی ئێمە بەرێوەیە. باوکی هێشتا بە هاوسەرەکەی نەکوتووە کە کچی یەکەمیان لە نەخۆشخانە ون نەبووە بەڵکوو بەخشیویەتی بە پیاوێکی مێسری دەوڵەمەند. ئەو کۆرپە بێ شانسە، "ئالبینیسم"ی هەبوو و باوکی بەم نەخۆشیەی نەزانیبوو و هەر بە گومانەوە تا ئێستە لەگەڵی ژیاوە و بکوژی منداڵە دووهەمەکەی بووە. ئەم جارە میهرەبانتر بوو. دەستی گرت و دمی ماچ کرد. چاوی لە کچەکەی کرد کە پشتی لێی بوو. لەژێر پەرۆ زەردەکە، دەستی دەرهێنا و بەسەریدا کێشا و هەمووی قژی لێکردەوە و پەرۆکەی دا بەسەری دا. ئەوە کۆتاجار بوو کە دایکەکە، پاش حەوت ساڵ و چوار مانگ کچە پرچڕەشەکەی خۆی دیت. لە سەر جێگاکە نەمابوو.

دەنگی تەقەکردن دەهات، نیزیک و نیزیکتر دەبۆوە. دروشمی خەڵکەکە لە دوورەوە دەهات. بشێوی شاری داگرتبوو. پیاو و ژن وەشەقامەکان کەوتبوون و ئاڵای وڵاتیان هەڵدابوو و خوازیاری گۆڕانی دەسەڵات بوون. سوودان سێ مانگ بوو شێوابوو و سەرۆککۆمار دەسگیر کرابوو. دڵی زۆربەی خەڵک، وەک دڵی ئەو شەوەی باوکەکە بوو کە پێیان کوت: کچێکی کاڵوواڵت بووە. ئاخر لەو وڵاتە ڕەشەدا، لەدایکبوونی کچێکی کاڵ لە دایک و باوکێکی ڕەش، زۆر جێی سەرسووڕمان بوو.

آلبینیسم= زالی؛ ئالبینیسم جۆرێ نەخۆشینی ژێنێتیکییە کە بەهۆی نوقسانی ئانزیمێک، (تیروزین) بە(ملاتین) ناگۆڕێت و ڕەنگدانەکانی لەش لاواز دەبن و ڕەنگی پێستی نەخۆشەکە سپی دەبێتەوە. ڕەنگی قژی ئەم نەخۆشانە" زەرد تا سووری پڕڕەنگ" و چاوی بە ڕەنگی"شین، سەوز"ـە.

**ژاڵە جبراییلی** ✍



Luke Sergent

## "قەراخی زەریای یوونان"

من قەراخی زەریایکم لە کەنارەکانی یوونان کە هەزاران ساڵە بزمارەکانی ژیانم لێرە چەقیوە. خەڵک لە گشت شوینەکانی دنیاوە بۆ سەیران سەردانم ئەکەن.ئەوانەی دڵیان خۆشە،ئاشقەکان،هەزاران ماچ لە یادەوەری منا هەن کە بۆ هەتا هەتایە خۆیان و یادەوەریەکانیان لە قووڵای زیخەکانما ئەمیننەوە.لە گشت چینەکانی مرۆڤ:ئەوانەی ڕۆژنامەکان ئیستاش بە دوایانا ئەگەڕین و بۆ هەمیشە لە دەریاکان پەڕینەوە و خۆیان لە قووڵای دەشتەکانی ئورووپا ون کرد.ئەو ئاشقانەی شارە غەریبەکانیان بە جێ هێشت و لێرە لە سەر جەستەی من ڕووت و پەتی یەکتریان ماچ کردو دواتر لەگەڵ منداڵەکانیان وەک ئەمەگ ناسی گەڕانەوە ئێرە و زیخەکانی جەستەمیان وەک دیاری هەڵگرت.دنیا دنیای خۆشەویستی و سەیران و شەو بێداری بوو تا بەیانیە درەوشاوە زێڕینەکان.بست بە بستی جەستەم پڕ بوون لە بۆتڵی شکاوی دڵداری کە تامی زەریایان شیرین ئەکرد.شوین پێ گشت کەسیک لێرە بە دیاری ماوەتەوەتەنانەت ئەوانەی دیکتاتۆرەکان بە خوینیان تینوون.مووسیقا دڵڕفێنەکانی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە مێشکی زیخەکانم ئەبزوینن و جار جار لەگەڵ خۆم لە تەنیایەکانما ئەیڵێمەوە.هەموو شتێکی دنیا لێرە وەک شەپۆلە هێمنەکان جوان و دڵڕفێن بوو تا ئەو نیوە شەوەی یەکەم بەلەمی پەنابەران لە گەڵ شەپۆلە سەرکەشەکان گەیشتنە سەر جەستەم.بۆنی ترس و بارووت هەواڵی جەنگیان هینابوو.جەنگێک کە لە ناخ و چاوی ئەو خەڵکا ئەبینرا.زیخەکانم مات و بێدەنگ بۆ کەنارەکە پاشەکشەیان کردبوو.خوایە چی خەریکە ڕوو ئەدا هیچ نیشانەیک لە ئەشق لەو خەڵکە بەدی نەئەکرا.شەکەتی وەک پەتا بڵاوەی کردبوو.گریان وردە وردە وەک ڕووباریک دوای دەیان ساڵ پەنگی خواردبێتەوە دەستیپێ کرد.گویم شل کردبوو بە چ زمانیک دەئاخڤن.ئای کوردیە!زمانە پاراوەکەی ڕۆژهەڵات خەڵکە ئاشقەکەی ناو چیاکان.من لە گریان و لاواندنەوەی ژنیکەوە تێگەیشتم کە منداڵەکەی لە ناو شەپۆلە دڵڕەقەکانی دەریای ئیژا ون کردبوو.هێشتا دڵی لە ناو شەپۆلەکانا بە دوایدا ئە گەڕا لە باخەڵی بووکەشووشەیکی دەرهێنا و تێکەڵی فرمێسکەکانی کرد و بە هێمنی خستیە سەر ئاوە کە.هێشتاتا نێوقەد لەناو دەریاکا بوو و سنگی ئەکوتا و باڵۆرەیکی بە سۆزی ئەوتەوە:ڕۆڵە لای لای ، جەرگە سووتاوەکەم لای لای ،هەناوە خنکاوەکەم لای لای،بنوو ڕۆڵەم کویر بم کە تۆم لە نێو شەپۆلەکانی ئەم زەریا نەفرەتیە دا ون کردۆ خۆم هێشتا هەناسە ئەدەم.لەو شەوە

بەدواوە بە وتەی کارناسان پلەی سویری قەراخەکە زیادی کرد.

ئەو شەوە بووە سەرەتای گریان و دڵپڕیەکانم ئێستە ئەو باڵۆرە یە زۆر جار جێگەی گۆرانیە ئاشقانەکانی لە تەنیایەکانما گرتۆتەوە.

✍ **وریا ساعێد**



Cristian Negroni

## "وانەی ئەژدیها"

سیپان کاتێک زانیی دایکی بەڕاستیی نەبووە کە گوتوویەتی تازە دایک نابم؛ زۆر درێنگ ببوو. سیپان کە ون بوو پێنج ساڵی بوو. ئەو ڕۆژەی ون بوو، دایکی بردبووی بۆ بازار ئەژدیهای بۆ بکڕێ. بەڵام بەهۆی ئەوەی دایکی پارەی تەواوی پێ نەببوو، بۆ کڕینی ئەو ئەژدیهایەی دڵی لێی چووبوو؛ بۆ دڵدانەوەی، بردبووی بۆ شاری یاری. وێنەگرێک بۆ ئەوەی وێنەی گوڵێکی جوان بگرێ، پێی لە گوڵێکی جوانی دیکە نابوو. تێڕامانی سیپان لەو دیمەنە، ببووە هۆی ئەوەی لە دایکی هەڵبڕێ. سیپان کاتێک قسەی دەکرد، زمانی دەیگرت. بۆیە منداڵانی گەڕەکەیان پێیان دەگوت: "سی پەتە". دیارە سیپان تەنیا کاتێک کە لە دڵی خۆیدا قسەی دەکرد زمانی دەیگرت؛ کاتێک دەنگی هەڵدەبڕی، زۆر ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵ وشەکانی دەردەبڕی و قسەی دەکرد. بەس کێشە لەوەدابوو کاتێک دەنگی هەڵدەبڕی، خەڵک گوێیان لە دەنگی نەدەبوو. خەڵک تەنیا گوێیان لەو قسانە دەبوو کە سیپان لە دڵی خۆیدا دەیکرد. ئەو ڕۆژەی سیپان ون بوو، خەڵک زوو بردیان بۆ لای پۆلیس. بەڵام پۆلیسەکان هەرچی هەستیان ڕاگرت بەڵکوو سیپان لە دڵی خۆیدا قسەیەک بکات، ئاخری هەر هیچی نەگوت. پۆلیسەکان ناوی خۆی و دایکی و بابی و ئادرەسی ماڵەوەیان و هەرچی پرسیاری تایبەت بە کەسی ونبوو هەبوو، لێیان پرسی. کەچی سیپان زمانی دەروونیی لەکار کەوتبوو، ئاخر لەلایەک حەپەسابوو، لەلایەک دەترسا ئەوانیش گاڵتە بە زمانگیرانەکەی بکەن. سیپانیان دا بە ماڵی بێ سەرپەرەستان. پۆلیس وێنە و زانیاریی سیپانی لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی شار و وڵاتدا بڵاو کردە. کەچی کەس نەبوو بچێ بڵێ ئەوە منداڵی منە. سیپان تا ماوەیەک پێی وابوو، هەموو منداڵێک وەک ئەوە؛ واتە، دوای ماوەیەک دایکیان لەدەست دەدەن و ئیتر لەگەڵ منداڵی بێ سەرپەرەستی دیکە پێکەوە دەژین. بەڵام کاتێک کە زانیی وا نییە، زۆر درێنگ ببوو. درێنگ ببوو چوونکە دایکی سیپان نێردرابووە نەخۆشخانەی دەروونی. سیپان کاتێک زانی دەتوانێ بگەڕێتەوە لای دایکی، شەرم و ترسی وەلا نا و بەو زمانە دەروونییە پڕ لە گرێ و گۆڵ و پچرپچڕەی دەیزانی، توانی ئادرەسی ماڵەوەیان بە پۆلیسەکان بڵێ؛ بەڵام کاتێک پۆلیسەکان بردیانەوە ماڵێ و لە بارووداۆخی دایکی سیپان ئاگادار بوونەوە؛ جارێکی دیکە سیپانیان بردەوە خانەی بێ سەرپەرەستان.

ئێستا سیپان جار و بارە لەگەڵ نوێنەری خانەی بێ سەرپەرەستان دەچێ بۆ نەخۆشخانەی دەروونی بۆ سەردانی دایکی؛ بەڵام بەهۆی ئەوەی دایکی ناتوانێ دەنگی دەروونیی سیپان ببیستێ، ئەویش ناتوانێ قسەی دڵ خۆی پێ بڵێت.

هەمووجارێ کە سیپان دەچوو بۆ نەخۆشخانە بۆ سەردانی دایکی، لە دڵی خۆیدا پێی دەگوت: "دایە گیان ئەو ڕۆژەی لەتۆ ون بووم و پێت کوتم ئەگەر بۆ ئەژدیها بگریم، تازە دایکم نابی؛ خۆ نەمدەزانی بەڕاستتە! بمزانیبایە درۆ دەکەی نەدەگریام! وەرە دیسان ببەوە بە دایکم، شەرت بێ، ئەو ئەژدیهایەی باوشتم نەوێ!"

**✍ ناسر فەتحی**



📷 Alexander Klenov

## "ون بوون لە کاتژمێر ٨ ساڵ و ١٠ خولەک دا"

- دوای ئەوەی بۆخۆم دیتوومەتەوە! ناتدەمێ نا؛ هەمووی هی خۆمە! لە ترسی ئەنوەر کاتژمێرە دوو زەمانەکەم لە گیرفانی ژوورەوەی باڵتەکەم خست و... شووشەی کاتژمێرەکەم لەسەر کاربۆن دانا و شووشەیەکی دیکەم لێ ساز کرد و شووشەکانیم وەک چاویلکە لە چاوم کرد. لە پاسگاە لە پشت میزی کارەکەم دا، دانیشتبووم. بە بێسیم گوزارشی کوژرانی ئەنوەرناوێکیان بە دەستی ژنخوشکەکەیەوە، پێڕاگەیاندم. بە پرتاو مێرمنداڵێک وەژوور کەوت و گوتی: ئاغای پۆلیس! ئاغای پۆلیس! برا چکۆلەکەم ون بووە. نەیناسیمەوە من برا چکۆلەکەی ئەوم! لەسەر ڕێگای مەدرەسە، ئەنوەر هەموو ڕۆژێ پێشی پێ دەگرتم. دەیویست دەسدرێژیم لێبکا. نانا بۆخۆی دەیویست من وای لێکەم. بۆ ئەو زۆری فەرق نەدەکرد. تەنیا ڕێکخشان، سوکنایی بە دڵی بێئۆقرەی دەدا. نەمدەوێرا لە کن کەس باس بکەم. بە تایبەت کە ئەنوەریش لە من گەورەتر بوو؛ کەس باوەڕی بە من نەدەکرد کە ئەو پێیخۆشە... لەبیرمە بە منداڵی پێمخۆش بوو ببمە دوکتور. لە پاسگا لە پشت میزەکەم دانیشتووم. مێرمنداڵەکە لە بەرامبەرم دا ڕاوەستاوە. لەسەر بڵیندگۆی مزگەوتی زەمانی منداڵیمەوە، کاک هەباسی مجێور بانگەواز دەکا: کوڕێکی هەشت ساڵانە ون بووە. کراسێکی شینی لەبەردایە. پاتوڵێکی بۆری لەبەر دایە. چاوەکانی کاڵە...

**✍ بیژەن ڕەحمانی**



📷 Vadim Sadovski

### (١) "دوور"

سەرم هەڵێنا، بەرز بوون،لە هات و چوو دا بوون جل وبەرگیان وەک یەک نەدە چوو،زور چاویان لە من دەکرد، جارناجار کچێکی جوان " ئۆخەیەکی" پێ دەگوتم، نازانم بۆ ڕاوەستانیان نەبوو،هەر دەهاتن و تەواویش نەدەبوون. زرق و برقێکی زور هانمی دەدا بەرەو خۆی،لێی گەڕام، حەزم لە ڕۆشتن دەکرد،دوور برۆم،لە ڕۆشتن دا شتی سەیرم دەدی.واق مابووم. منداڵێک لە سەر عەرز دانیشتبوو،وشکی کردم. لەم بەری شەقام بەرامبەری، ڕاوەستام. برێکی شت لە بەر دەست دا بوو، هەر چاوی لە خەڵک دەکرد. کەسێک هات وشتێکی پێ گوت، دەنگیان دوور بوو، چوومە پێشێ دیتم چەسپی برینە،ئەو کابرا لێی کڕی و ڕۆشت. بەرانبەری دانیشتم، ناویم پرسی، دەستێک لە عەرز بەرزی کردمەوە، چەپڵاخەیەکیشم لەو ماوەدا پێ گەیشت،دایکم بوو. دوو چاوی سوور بوون و تەڕ.

- دواین جارت بێ لە من دوور دەکەوییەوە،یەک سەعاتە لە دووت دەگەڕێم،باوکت دەمی کوشت،کوێڕا لێم ون بوی؟!

### (٢) "گوم"

دەگریا، دەگەڕا، فرمێسکەکانی بە قەراخ لوتیا هاتبوونە خوارێ وچبوونە دمیەوە. دوو دەستی ئاواڵە کردبوو، هەرجارێک بۆ باوش یەکێک خۆی دەکوتا ڕووی تێمان دەکرد و لای کەسیش نەدەسرەوت. بە دووی کەوتم بە زۆر ڕامگرت و دم وچاویم خاوێن کردەوە، ماچیم کرد و توانیم برێکی هێمن کەمەوە، لێم پرسی: "بۆ دەگری؟ چ بووە کچە کاڵەکەم؟" بەفینە فین ودەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: "تەبلێتەکەم دیار نییە، تەبلێتەکەم دەوێ، دەمهەوێ کایە بکەم.

- دایکت کوا؟

- دایکیشم ب گووشیەکەی خۆی کایە دەکا.

- باشە بەقوربان مەگری ئەلان دەڵێم بۆت بێنن.وامزانی لە دایکت ون بووی بەڵام هەردووکتان لە یەک ون بوون.

**✍ کەیوان قوڕەیشی**



Ken Wolter

"weightless"

هەر جارەو یەکێ چاو ئەنێتەوە و ئەژمێرێ. بە هەر ژمارەیە ترپەی دڵم زیاتر ئەبێ و دەنگم زیاتر ئەلەرزێ. بە چەن چرکە خۆیان ئەشارنەوە. تا ئەمسەراوسەرێکی کۆڵان ئەکەم هەموو دەست لە دارتێلەکەوە ئەدەن و ئەقیژێنن...دیسان ئەبێ بشارمەوە چونکا هیچ یەک لە مناڵەکانم بۆ نەگیراوە. باوەشم بە دارتێلەکەدا کردووە و چاوم ناوتەوە، یەک، دوو، سێ...

ـ کچم خێرا ئەو قاپە شیرە بدە بە براکەت، ئەوە من ئەچم بۆ ماڵی دادە هەنار، بابت زەنگی لێداوە.

بیر لە دوا جارێ ئەکەمەوە کە دایکم بە دڵێکی ناڕازی ساکەکەی بۆ پێچاوە و بەرەو تاران جێی هیشتین. من نازانم شرکەت چییە، بەڵام هەر کەس لە دایکم ئەپرسێ مێردەکەت لە کوێیە؟ ئەڵێ ڕۆشتووە بۆ شرکەت. ڕقم لە هەرچی شرکەتە و لە هەرچی بووکەڵەی کۆکییە و لە پاییز و زستانێ کە وێنەی بابم لێ ون ئەکات. کومێدی وتاقە بچووکەکەمان پڕە لە بووکەڵەی کۆکی کە هەر جارەو هاتووەتەوە بۆی هێناوین. پەردەی پەنجەرەکە ئەکێشم و قاپە شیرەکەی لێئەگرم. لە پەنای مناڵێکا ڕاکشاوم کە شیر ئەخوا و واخەریکە بە هێمنی ئەچێتە خەو. قەڵەمەکەم هەڵئەگرم و بیر لە کێشان ئەکەمەوە. ئەشێ زووتر بیکێشمەوە هاکا دیسان دایکم دەنگی بەرزکردەوە و وتی: ئەو گڵۆپە بکوژێنەوە سەرم ئێشێ. ئەمشەو سەراسێی کردووە، ئەو زۆربەی شەوەکان سەراسێ ئەکا و کە سەراسێیشی کرد ڕێ لە هەموو ڕووناکییە ئەگرێت، لە من و لە گڵۆپی ژوورەکەیشم کە ڕووناکییەکەی لە شیشەی سەر دەرگاکەوە درزی کردووەتە نێو هاڵەکە. بەخێرایی دەس بە کێشان ئەکەم، ئەوەندەی بتوانم تەرحێکی گشتی بکێشم سبەینێ کاری لە سەر ئەکەم. ماندووم هێزم نییە چاوم بکەمەوە، وەک ئەوەی تەواوی لەشیان کوتابم ناتوانم بجووڵێم. دەنگی هیچ شتێ نایە. جارجار کزەبایەکی فێنک لە لەشم ئەدات. پەتووەکە بەسەر خۆما ئەکێشم، هەست بە بۆنێ ئەکەم. بۆنێ وەکوو بۆنی ئەلکول و داروو. لێوم وشک بووەوە و حەز لە ئاوێکی سارد ئەکەم دەمارەکانم فێنک کاتەوە. بەڵام داگیراوم، سڕتر لەوەم کە بتوانم چاوم بکەمەوە. ئازارێکی تیژ و سووتێنەر نێو لینگی گرتووم. هەرچۆنێ بێ چاوم ئەکەمەوە. ئێرە کوێیە؟ من بۆ لەسەر تەختەکەی خۆم نیم؟ ئازای ئەنامم وەک بی دەلەرزێ. من لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتووم. هاوار ئەکەم: کێ لێرەیە؟ کەسێ فریام کەوێ؟ ئەمەوێ هەستمەوە ناتوانم، وەک ئەوەی هەردوو قاچم لە جووڵە کەوتبێ بۆم ناجووڵێتەوە. دیسان هاوار ئەکەم. لە پڕ دەنگی مناڵێ یەتە گوێم. کۆرپەلەیەکی بچووک کە تازە لەدایک بووە، لە پەناما دانراوە. بەڵام ئەو مناڵە لە لای منا چی ئەکات؟ ئێستا لەوانەیە وا بزانن تووشی فەرامۆشی هاتووم. خۆیشم

یەکەمجار وا بیرم ئەکردەوە. بەڵام من جوان شەوی ڕابردوو و هەموو شەوەکانیتریشم لە بیرە. دوێنێ شەو خەریکی کێشانی نەققاشی بووم، تەنانەت نەققاشییەکە و ژنی ناو نەقاشییەکەیشم بە دامەنە چیندارە درێژەکەی و کراسە گوڵگوڵییە وەنەوشەییەکەیەوە لە بیرە. ژنێک دوگمەی کراسەکەی کراوەیە و مەمکی خستووەتە دەم کۆرپەلەکەی. لەوانەیە بڵێن خەریکم خەو ئەبینم بەڵام من کاتی دوای نەققاشییەکەیشم لەبیرە. هێشتا تەرحەکەم تەواو نەکێشاوە دایکم بانگم لێئەکات، گلۆپەکە بکوژێنەوە، منیش ناچار ئەیکوژێنمەوە. وەکوو هەموو شەوێ هەندزفرییەکەم ئەخەمە گوێم و هەشت لە دوای هەشت خولەکەکانی موزیکی " weightless"گوێ ئەگرم. بەڵام ئەمە دوایین شتێ نییە کە لە بیرم ماوە. بە ئێشی سکمەوە لە خەو ڕائەچڵەکێم. ئەم ئێشە ئێشێکی نائاشنا نییە، ئەیناسم! هەموو مانگێ بۆ چەند کاتژمێرێ میوانم ئەبێ و چنگ ئەخاتە ناوسکم و ڕێک ژێر ناوکم ئەگووشێ. ماوەیە لەمەوبەر دکتۆرێک بە زەردەخەنەوە پێی وتم: دوای یەکەمین دووگیانیت ئێشت نامێنێ. ئارەقی نێو چاوم ئەسڕم و شوکلاتێکی تاڵ ئەنێمە دەمم. هێشتا قووتم نەداوە بە هێڵنجدان خۆم ئەگەیەنمە دەسشۆرەکە و ئەڕشێمەوە. ئەگەڕێمەوە ژوورەکەم و پەتووەکەم بەسەرما ئەدەم. ئازارێکی زۆرم هەیە بەڵام ئەم ئێشە ئێشێکی ئاشنا نییە بۆ یەکەمجارە لە نێو قاچەکانما هەست بەم ئازارە ئەکەم. نازانم بۆ ئەم ئازارەم لە ئازارەکانی مانگانەکانم پێ خۆشترە. منداڵەکە ئەگری و من بانگی پەرستارەکان ئەکەم، کەمێ دواتر پەرستارێ یەت و بە تووڕەییەوە:

- خانم لە کەیەوە ئەو منداڵە ئەگری؟ هەڵیگرە و شیری پێ بدە. سەرم سووڕ ئەخوا هەموو شتێ لە پێش چاوم لێڵ ئەبێ.

- من من...؟ من شیری پێ بدەم؟ بەڵام من

- تۆ چی؟ ئەوەتا خەریکە شیرەکەت ئەڕوا، خێراکە زوو مەمکت بخە دەمیەوە.

دەمی بە کراسە وەنەوشەییەکەمەوە لکاندووە و من توانای ئەوەم نییە دوگمەی کراسەکەم بکەمەوە. پرستارەکە دوگمەکانم ئەکاتەوە و منداڵەکە بە سینگمەوە ئەنێ. هەست ئەکەم ئازاری بەین قاچەکانم نەماوە و چاوەکانم بۆ خەوێکی قورس، گەرم بوون.

سەیری نەققاشییەکەم ئەکەم، ژنەکە بە کراسە وەنەوشەییەکەیەوە مەمکی دەرهێناوە و هەراسان لە منداڵەکەی ئەڕوانێ کەوا ئێستا من خەریکم شیری ئەدەمێ.

**✍ شەرمین ساڵحی**




Ilka Schaeffer

# "قوونی جێنیفێر لۆپێز و دڵنیا"

شەڕی جیهانیی سێهەم لە ڕاستیدا لە داخی دڵنیا و بە بۆنەی قوونی جێنیفێر لۆپێزەوە ڕوویدا. ڕاستیی ڕووداوەکان بەم شێوەیە بوو: سەرەتا "دڵنیا"، بەر لەوەی ببێ بە هەژدەساڵ، دووجار بە شوو دەدرێ و هەردووک جارەکەش ژیانی هاوبەشەکەی دەشێوێ و، لە هەژدە ساڵی دا بۆ جاری سێهەم بابی بە زۆری زۆرداری لە کوڕێکی دیکەی مارە دەکات و، بەهۆی ئەوەی ئەمجارەیان ڕازی نابێ، لەسەر ئەم بەرپرچ دانەوەیە، بابی و دەزگیرانەکەی تا سەرە مەرگ لێی دەدەن و، ئەویش بە دڵنیاییەوە بڕیاری خۆکوژی دەدات و دەچێ بە تاپڕەکەی بابی خۆی دەکووژێ. دواتر هەر لەو سەروو بەندەدا، وڵاتە زلهێزەکان و کەسایەتییە مل قەوییەکانی دنیا، کە دەبینن هەڵاییسانی شەڕی جیهانی سێهەم زۆر وەدرێنگی کەوتووە، پێوەندی بە یەکەوە دەکەن و بۆ هەڵگیرسانی شەڕ، بڕیاری دانیشتنێکی کوتووپڕ دەدەن.

پاش ئەوەی لەو دانیشتنەدا زۆر بەهانە تاو توێ دەکەن و بە ئەنجام ناگەن. کوتووپڕ سەرۆکی دانیشتنەکە دەڵێ: "هەروەک هەمووڵایەکتان ئاگادارن، ماویەکە بەهۆی وێنەی دڵنیاوە، کەس سەرنجی قوونی جێنیفێر لۆپێز نادات و ئەوەش لە شکۆی ئێمەی کەم کردووەتەوە! جا بۆیە، باش وایە بە بەهانەی ئەوەی کەس و کاری ئەو کچە بوونەتە هۆی مردنیی، شەڕ هەڵگیرسێنین!"

ئەو ڕۆژە پیلانەکە بە کۆدەندی لەلایەن ئامادەبوانەوە پەسەند دەکرێ و پرۆژەی چۆنێتی جێبەجێ کردنی شەڕەکە پێشکەش بە هالیوود دەکرێ و، هالیوودیش بەخێرایی بە درووست کردنی فیلمی "بە لۆکە سەرتان دەبڕین" بە جوان نیشاندانی پێگەی زلهێزان، بوار بۆ شەڕەکە خۆش دەکات و، شەڕەکە ڕێک لە کاتی دیاریکراودا دەست پێ دەکات. پیلانەکە هێندە بە وردی و بەبێ کێشە جێبەجێ کرا کە تەنانەت زلێهزەکان هیچ مشتوومڕ و کێشەیەکیان لەسەر ئەوەی کامیان چەک و چۆڵەکان ساز بکات و کامیان بیکڕێت و کامیان بفرۆشێت و کامیان ئەرکی گەیاندن و دابەشکردن و وردکردنەوەیانی لە ئەستۆبێ و کێهایان ئاسنەواڵەی چەکە لەکار کەوتووەکان کۆبکاتەوە و دەکاریان بکاتەوە، بۆ درووست نەبوو.

بەڵام ڕۆژی پیلان گێڕییەکە، دانیشتنەکەیان زۆر دەخایەنێ؛ دوای ئەوەی ناوبڕێک وەردەگرن و سەروو جگەرەیەکی بەرگ دەکێشن و قاوەیەکی تاڵی ڕەسەنی عەڕەبی دەخۆنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ درێژەی دانیشتنەکەیان، دەبینن هەرچی دەیهێننە بەرباس، پێشتر بۆ شەڕەکانی پێشوویان کەڵکیان لێ وەرگرتووە، کاتێک کە سەریان لێ دەماسێ و نازانن چ

بکەن، لەکاتێکدا کە سەرۆکی دانیشتنەکە لە خەیاڵی قوونی جینیفێر لۆپێز دا دەبێ، ئەو بیرۆکەیەی بە زەین دەگات وا باسمان کرد.

ـ باشە جەنابی سەرۆک، ئەو وێنەیە چییە وا ئاوا جێی قوونی جینیفێر لۆپێزی گرتووەتەوە.

ـ وێنەکە وێنەی کچێکی کوردە بەناوی دڵنیا، دڵنیا لەو وێنەیەدا بە جل و بەرگی کوردییەوە، بەجۆرێک ژێستی گرتووە و چاو لە چاوی بینەر دەکات، کە دەبێتە هۆی تیلیسم بوونی بینەرەکە و، کاتێکیش کە بینەرەکە تیلیسم و سەرسامی جوانیی دڵنیا دەبێ، ئیتر زەینی لە قوونی جێنیفێر لۆپێز ـ کە هێمای زلهێزیی ئێمەیە ـ پاک دەبێتەوە.

**✍ ناسر فەتحی**



## "وێنەی پەمەیی"

گوتی: "تەنیا خۆزگەیەک ماوە پێی بگەم؟" بیری لێدەکرد و هیچی وەبیر نەدەهاتەوە. لەنێو دۆلابەکەی، لە شتێکی ون بوو دەگەڕا. ئەوە چ بوو کە پێی نەگەیشتووە؟ یان چی بوو کە لێی دەگەڕا. دیسان وەبیری هاتەوە کە نازانێ بەشوێن چیدا دەگەڕێ. دوو کتێبی تێدابوو، ئەوەی سەرەوە ڕووبەرگێکی سووری بوو. هەڵیگرت و یەکەم لاپەڕەی هەڵداوە. نووسرابوو: لە لایەن منەوە بۆ تۆ. "من" کێ بوو یان "تۆ" کێ بوو؟ گوتی: بڵێی "تۆ"، "من" بم؟ یان "من"، "من"بم و بیری چووبێتەوە دیاریەکە بە "تۆ" بدات. بیری کردەوە و هەر چی کاسەی سەری بە هەر دوو دەستی کوشی، هیچی وەبیر نەهاتەوە. گوتی: بڵێی ئەم کتێبە، بە من دیاری درابێ؟ دیواری ژوورەکەی پڕە لە وێنە و لە ژێر هەر وێنەیەکدا شتێک نووسراوە. وێنەکان ناناسێتەوە. یەکیان وێنەی سێ ئافرەتە، ئەوەی نێوەڕاست دەستی خستۆتە سەر ملی ئەوانەی کە و ملی هەر دوکیانی بەلای خۆیەوە کێشاوە و پێدەکەنن. لەژێریدا نووسراوە"ئێوە، ئاخرین شتن کە دەبێ لەبیرم بچنەوە". وێنەی کچێک کە لە وێنەی پێشوودا، ملی ئەو کچانەی تری گرتووە، لەو لاوە هەڵواسراوە. ساپۆرتێکی لە پێ دایە و بێ قۆڵێک. کوڕێک وەستاوە و دەستی بەلایەوە درێژ کردووە; پێموا دەیهەوێ بیکشێت بۆ لای خۆی. کچەش خۆی بەرەو ئاسمان فڕێ داوە و هەر دوو دەستی هەڵێناوە و پێدەکەنێ و پرچی شێواوە. لەژێریدا نووسراوە: "ئاخرین ڕۆژی لەگەڵ تۆبوون، پێش*ز.ن.ب* کە دەبێ ئاخرین ڕۆژ لەبیرم بچێتەوە".

وێنەیەکتر، ژن و پیاوێک بە تەمەنن. پرچیان سپییە و مات و کپ، چاویان لە کامێراکە بڕیوە و وێنەیەک ویشک و بێ ڕۆح دیارە; وەک وێنەی ڕەشوسپی کە ڕەنگی بە بەرەوە نییە. پیاوەکە تەسبێحێکی درێژی لەنێو قامکەکانی دایە. ئافرەتەکەش دەستێکی بە ڕوومەتیەوە و زۆر پەشێو دیارە. لەژێریدا نووسراوە"ئێوە یەکەمین کەس بوون، کە بیرم چوونەوە". وێنە و وێنە و وێنە...

زۆربەیان بە ڕێکەوتێک پێش دەستپێکێک و شرۆڤەیەک لە ژێریاندا.

"دە مانگ و چواردە ڕۆژ پێش *ز.ن.ب*"

"سێ حەوتە پێش*ز.ن.ب*"

"دوو مانگ پێش*ز.ن.ب*"

"ئەمڕۆ زانیم نەخۆشی بیرچوونەوەم هەیە" ئەم وتەیە، لەژێر وێنەی ئافرەتێ دا نووسراوە کە لە گۆڕستان سێلفی گرتووە و پشتی لە گۆڕەکانە و پێدەکەنێت.

"ئەمڕۆ زانیم نەخۆشی بیرچوونەوەم هەیە، هاتووم بۆ ئێرە تا بە هەمووی ئەو خۆزگانەی وا ناشتوومن پێبکەنم و بڵێم: چیتر خۆزگەیەک لەسەر دڵم بۆ وادەی

چرکەیەکش نامێنێ; هەڵبەت ئەگەر لەبیرم بمێنێ خۆزگە چییە؟ بەڵام خۆزگەیەک ماوە پێی بگەم"


لە ژێر وێنەیەک کە بەقەدی دیوارەکەدا کوتراوە، نووسراوە: " لێی بگەڕێ"

ئەو وێنەیەکی سەراسەر پەمەیی لە دارستانێک دیت کە لە وەرزی بەهاردا گیراوە و دارەکان گشتی بە گوڵی پەمەیی پشکەوتوون و ڕووبەڕووی ئەو دارستانە کێوێکی بەرزە. کێوەکە دیارە گرکانێکی خەوتووە. زارکی گڕکانە لە نێو هەوری پەممەیی‌دا شاردراوەتەوە. نووسراوە: "بڵێی ئەویش وەک مێشکی من، خۆی لە خەو دابێت و خەوتووە یان وەک مێشکی من لە ئاخرین پشووی خۆی دایە؟ بڵێی بیرچوونەوە چ ڕەنگێ بێ کە هێندە ڕەنگی پەمەیی ئارامم دەکاتەوە؟

پێنج مانگ دوا *ز.ن.ب*"

لە کۆتایی‌دا دۆزیەوە. لاپەڕەیەک لەسەر فەڕشەکە کەوتووە. نووسراوە: "ئەو ڕێگا ڕەشەی نێو دارستانە بدۆزەوە و بچۆ لەوێ پیاسە بکە، کاتێ گوڵەکانی دارگێلاسەکە دەوەرن. لەوێ، ئاخرین وێنەی تەمەنت بگرە لە حاڵێک کە مستێ گوڵی هەڵوەریوی پەمەییت لەسەر ڕێگا کۆ کردۆتەوە. "

**ژاڵە جبراییلی** ✍



## "داربەست"

هێشتا زیاتر لە قامکەکانی دەستم ناتوانم بژمێرم. بەڵام دەزانم لە کامە باڵەخانەوە دەتوانم دەست لە هەورەکانەوە بدەم. دیسان بەربوومەوە! فەڕشێکی نەرم شار بە شار دەمبات تا سەرووی باڵەخانەیەکی بەرز. لە پڕ فەڕشەکە هەڵدەگەڕێتەوە و بە خێراییەکی زۆرەوە بەرەو ئەسفاڵتەکە بەردەبمەوە. بەڵام بە ئەسفاڵتەکە ناگەم ڕادەچڵەکێم. درگای ژوورەکەی دەکەمەوە و گڵۆپەکە هەڵدەکەم. لە پەنای تەختەکەیدا دادەنیشم. ئیمڕۆ بێدەنگتر لە ڕۆژانیتر سەیری بنمیچەکە دەکات، تەنانەت وڵامی سڵاوەکەیشم ناداتەوە. دەستێ بە ڕیشیا دێنم زبر بووە کاتی تاشینیەتی. دەستی دەگووشم، چەن دڵۆپ فرمێسک لە گۆشەی چاوەکانیەوە دەتکێتە خوار و تا ژێر ملی دێت. وشکی دەکەمەوە و باڵنجێکی نەرم دەنێمە ژێر سەری. نەرمی هەستی فڕینم دەداتێ، من هەمیشە حەزم لە فڕین بوو. فڕین تا ئەو شوێنەی کە بتوانی دەستت لە هەورەکانەوە بدەیت. ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەم جار پێم نایە ئەو خانووە هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە، بتوانم بفڕم. لە خەونەکانیشما نەمدیتبوو، ئاخر هەرگیز نەمدەزانی خانووی وەهایش بوونی هەیە تاکوو خەونی پێوە ببینم. چونکا جگە لە خانووە نزمەکەی خۆمان شوێنێترم نەدیبوو. کاتێ پێم نایە سەر فەرشەکە، بۆ چەن ساتێ هەستم کرد کێشم نەماوە و قاچەکانم لە زەوی جیا بوونەتەوە. هەر بەو فەرشە، فڕیم. ئەوەندە چووبوومە سەرەوە کە ئەگەر دەستم درێژ کردایەتۆ دەمتوانی دەست لە هەورەکانەوە بدەم. هیچ نەرمیە هێندەی نەرمی ئەو فەڕشە نەیدەتوانی هەستی فڕینم بەهێز بکات، لەو ڕۆژەوە هەرچی نرمییە باڵم پێ دەگرێتەوە و تا بەرزترین باڵەخانەکانی تاران دەمات، بەڵام لە پڕ فەڕشەکە هەڵدەگەڕێتەوە و بە خێراییەکی زۆرەوە بەرەو ئەسفاڵەتەکە بەردەبمەوە. نەمدەزانی لەوێ، لەو خانووە خەیاڵییە پڕ لە کەل و پەلی پاشاییە و بە خواردنە جۆراوجۆرە سەرسووڕهێنەرانە چی دەکەم؟ کێ ئێمەی بانگهێشت کردووە؟ ئەمانە کێن؟ بۆ لە زمانیان تێناگەین؟ بابم بۆ ئێمەی بۆ ئەوێ بردووە؟ بۆچی بۆ ئاغا مێهدی، "ناوێ کە بابم بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە" قلیان چاخ دەکات؟ ئەو قاپانە چین کە خەریکە بۆ ژوورەکەی دەبات؟ بابم لەوێ چی دەکات. من دڵم نابات هیچ یەک لەو خواردنانە بخۆم. بەڵام ئەو ئاماژەم پێدەکات بخۆ، بخۆ... کاتێ دوای پێنج مانگ هاتەوە بۆ سەردانمان، دایکم لە جێگا کەوتبوو. سەرئێشەکانی لە پێی خستبوو، دکتۆرەکانی لای خۆمان نەیاندەزانی چییەتی. ناچار لە گەڵ بابم ڕۆشتین بۆ تاران. دایکم گوێنووەیەکی گەورەی خستبووە سەر شانی و منیش دوای کەوتبووم. من لە پێش دایکم ڕۆشتمە ماڵەوە و خوشکەکانم بانگ کرد. قیژاندم ئەم گوێنووە پڕە لە بووکەڵە و جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ. خوشکەکانم بۆ یەکمجار فێری

سەما کردن ببوون. ئاخر مرۆڤ کە شاد دەبێ ناخۆبەئاگا سەما دەکات و لەبەر خۆیەوە گۆرانیش دەڵێت. ئەم بووکەڵە هی خۆمە کەس بۆی نییە دەستی لێبدات! ئەم دامەنە چیندارەیش، ئەم پێڵاوە بەرزانەیش، ئەم گوڵ قژە پەپوولەییەیش...دایکم دەڵێ: بەشی هەمووتان هەیە. بەڵام ئەو هەموو جوانەکانی هەڵبژاردووە بۆ خۆی. من دەمهەوێ ناوی بۆ بووکەڵەکەم بدۆزمۆ. کاتێ تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا، بووکەڵەکان و جلەکانی مەهسا کچی خاوەن کارەکەی بابم لە ناو ماڵەکە بڵاو ببووەوە. جلەکانمان فڕێدا، تەواوی بووکەڵەکانمان دڕاند،من گوڵ قژە پەپوولەییەکەیشم شکاند، هێشتا ناوم بۆ بووکەڵەکەی خۆم هەڵنەبژاردبوو. بابم لە داربەست بەرببووەوە! لە دوای بربوونەوی بابم، فەرشەکەیش کە پێی دەفڕیم هەڵگەڕایەوە و من هەرگیز دەستم بە هەورەکان نەگەیشت.

**✍ شەرمینساڵحی**



## "جەلال کۆم کرمێ"

جەلال چووە پشت تریبوون و ئاوا دەستی بە قسەکانی کرد: "مرۆڤەکان هەر سەردەمەو دواکەوتوویی تایبەت بە سەردەمی خۆیان هەیە. یەکێک لە دواکەوتووییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە کە بۆخۆی هەستی پێ نەکردووە؛ هەبوونی جلووبەرگی زیادییە. ڕۆژێک دێ، منداڵەکانمان گاڵتەمان پێ دەکەن و دەڵێن: "باشە ئێوە سێ-چوار دەست جلووبەرگتان بۆچی بوو؟ دووسێ جووت پێڵاوتان بۆچی بوو؟ قاپ و کەوچکی زیادی و پەتۆ و ڕایەخی زیادیتان بۆچی بوو؟ یانی ئێوە دەترسان قاتووقڕی بێت وا شتی زیادیتان لە ماڵێ ڕا دەگرت؟ باشە بۆچی پێش ئەوەی جلووبەرگ و شتەکانتان شڕوودڕ بن، فڕێتان دەدان و هی تازەتان دەکڕی؟ یانی ئەوەندە دواکەوتوو بوون پێتان وابوو شتی تازە کاریگەری دەبێ لەسەر کەسایەتیتان؟ بۆ ئێوە نەتان دەزانی کەسایەتیی مرۆڤەکان لە ڕواڵەتیان دا نییە؟ ئێوە بایی سەدان ساڵتان زبڵ بۆ گۆی زەوی درووست کردووە! بەقەت هەموو مێژووی مرۆڤایەتی خەسارتان کردووە! بەرووبووم و کانزاکانتان لەناو بردووە! ئێوە تاوانبارن! شەڕواڵەکەت کۆن بوو؟ دەیجا چ بوو؟ دڕابوو؟ دەی خۆ دەتتوانی پینەی بکەی! ئێوە مرۆڤی سەردەمی نەدیوبدێتییە گەورەکە بوون! هەی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنی دواکەوتوو!!!"

جەلال کاتێک قسەکانی گەیشتە ئێرە، قوونی وەخوروو کەوت. نەیدەزانی چۆن دەستێکی بۆ بەرێ و هاوساری وتارەکەی لێ نەپسێ. ناچار کەوتە فێڵ و گوتی: "تکایە جوان چاو لەخۆتان و لەو کەسانەی لە تەنیشتتان ڕاوەستاون بکەن! بەڵام جوان سەرنجی یەکتر بدەن! دەی! هەر ئێستا!"

لەو کاتەیدا کە ئامادەبووان خەریکی پشکنینی چاوەکیی یەکتر بوون، جەلال هەر پێنج قامکەکەی خستە دۆڵی قوونییەوە و تا توانی بە هەموو هێز و قەوەتی خۆی هەڵیکڕاند و ئینجا بە ئاسوودەیی و متمانە بە خۆبوونێکی زیاترەوە گوتی: "بەسە! باشە! تکایە سەیری ئێرە بکەنەوە! هەروەک دیتتان زۆربەتان جل و بەرگی گران بەهاتان لەبەر دایە، لەکاتێک دا بە ڕەنگ و ڕووتان ڕا دیارە برسین، هەژارن، بە هەزار زەحمەت بژێوی خۆتان پێ دابین دەکرێ!"

جەلال هەستی کرد خرووەکە دیسان گەڕاوە. بەڵام ئەمجارەیان زەینی لەسەر هەستیار نەکرد. هەربۆیە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: "من حەز ناکەم لەسەر سیاسەت قسەتان بۆ بکەم، یان قسەی سیاسیتان بۆ بکەم، یان لانیکەم وەک سیاسییەک قسەتان بۆ بکەم. هەڵبەت ئەمانە هەموویان جیاوازییان هەیە لەگەڵ یەکتر، بۆنموونە کەسێکی کە وەک سیاسییەک

قسە دەکات مەرج نییە قسەکانی سیاسی بن! یان... بەهەرحاڵ! من لێرە کۆم کردوونەتەوە پێتان بڵێم، مادام سیاسەت کاری بە ئێمەیە و دەڵێ نابێ ئێمە کارمان پێی بێ، مادام خەڵکی ئێمە هەر هەژار و بێ دەرەتانن و لەترسی بێ بژێوی و لەبرسان مردن ناوێرن خۆ لە کاری سیاسی بدەن، تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین لەم باروودۆخەدااا [ لێرەدا جەلال "دا"ی باروودۆخەکەی زۆر بە سەیری دەربڕی، ئاخر خرووەکە کوتووپڕ گەڕاوە] لەو باروودۆخەدا، بەر لەوەی قسەکەم تەواو کەم، دیسان چاوێکی دیکە لە یەکتر بکەن! بەڵام ئەمجارە جوان لەخۆتان ورد بنەوە."

جەلال ئەمجارەیان وەک ئەوەی شەڕی عەشیرەیی لەگەڵ قوونی بێت، وەها لل قوونی نووسا، وەختەبوو پاتۆڵەکەی بدڕێنێ، قرچەیەکیشی لێ هێنا. خورووی شکا و گەڕاوە سەر قسەکانی: "بێ زەحمەت ڕوو بکەنەوە ئێرە! [ئیدی جەلال بە پێویستی نەدەزانی هۆکاری چاو لەیەکەر کردنەکانیان بۆ شی بکاتەوە] تکایە ڕوو بکەنەوە ئێرە و بێ دەنگی بپارێزن! گوتمان چی؟ گوتمان یەک ڕێگا دەمێنێتەوە لەم باروودۆخەدا، ئەویش ئەوەیە، لێرە کۆم کردوونەتەوە پێتان بڵێم... [ـ کۆمم دڕاند!] چی؟"

ئەو ئامادەبووەی کە هەڵیدایە نێو قسەکانی جەلالەوە، بەم شێوەیە درێژەی بە قسەکانی دا: "لێرە کۆمت کردووینەتەوە بۆ ئەوەی کۆمی خۆت بدڕێنی! هێندە کۆم کۆم مەکە! ئەگەر کۆمی خۆت خاوێن بوایە، ئەوە وەزعت نەدەبوو! ئەگەر قنگیشی دەخورێ بە ئاشکرا بیخورێنە، ئیدی بۆچی بۆ قوون خوراندنێکی خۆت ئێمە بەکەر دەزانی!"

کۆبوونەوەکە شێوا و جەلال کە بە جەلال کۆمەک ناسرابوو، نەیتوانی پرۆژەکەی خۆی کە بۆ نەهێشتنی هەژاری ئامادەی کردبوو، پێشکەش بکات. لەلایەکی دیکەشەوە، ناوەکەیان گۆڕی بۆ "جەلال کۆم کرمێ".

جەلال لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە و دەیگوت: "دەرئەنجامی ئەخلاقیی ئەم چیرۆکە ئەوەیە، خەڵکی هەژار گەمژە نین، وردبین و هەستیارن، بەڵام کە دەگاتە ئەوەی کارێک بکەن و ژێریی خۆیان بسەلمێنن، قوونی دەمڕاستەکەیان وەخوروو دەکەوێ و هەمووشتێک دەشێوێ!"

**✍ ناسر فەتحی**




Cai Goodwin

## "چەکمەکان"


باوکم کە پووڵی چەکمە ڕەشەکانی ئەدا من هێشتا دڵم لە ناو پێشخوانی دووکانەکە لای پۆتینە تووکدارە سپییەکە بوو. بۆ ساتێکیش چاوم لەسەر لانەئەچوو؛ لە نێو تووکەکانیا ون ببووم. چەن جار لە پێم کرد و بە نێو ماڵەکەدا سووڕامەوە. ئاخۆ کەی ڕۆژ بێتەوە و من پێیانەوە بچم بۆ قوتابخانە. پۆتینەکانم شەو لە ژوور سەرم دانابوو، خوشک و براکانم دەمێک بوو خەوتبوون، من لە خۆشییا خەوم پیا نەئەکەوت. باوەشم پیا ئەکرد، بۆنم پێوە ئەکرد؛ بۆنێکی زۆر خۆشی هەبوو. من هەمیشە حەزم لە بۆنی تازەییە. زوو زوو دەستم بە تووکەکەی ناویا ئەهێنا، زۆر نەرم و خۆش بوون. پەتووەکەم دا بەسەر هەردووکمانا و خەوتم. بەیانی زوو لە پێم کردن و ڕۆشتم بۆ قوتابخانە. مناڵەکان هەموو بە سەرسامی سەیریان ئەکردم. کۆتێکی پەشمی سپیشم لەبەر کردبوو لە گەڵ کڵاوێکی دەسچنی گەرما. ئیتر ئەونە لە خۆم دڵنیا بووم کە لە ڕۆشتن بۆ پای تەختە سڵم نەئەکرد. مامۆستا پرسیارێکی لە سەر تەختەکە نووسیبوو. وتی: هەر کەس بزانێ بیستی ئەدەمێ. چ پرسیارێکی ئاسان بوو، من ئەمتوانی هەر لێرەوە لە سەر مێزەکەم وڵامی بدەمەوە. بەڵام ئەو هەمیشە ئەیوت: هەر کەسێ ئەزانێ بێ لە سەر تەختەکە بینووسێ. منیش وەک هەمیشە بێدەنگ ئەبووم. لە نێو چل قووتابییا تماشای ئەکردم و ئەیوت: تۆیش نازانی حەلی کەیت؟ ئاییییی مامۆستا چۆن نازانم، ئاگات لە چییە...!؟ بەڵام ئیتر بەو پۆتین و کۆتەوە بە خەیاڵێکی ئاسوودە چوومە پای تەختە. دەستم بۆ گەچەکە برد بە زۆر پێم هەڵئەگیرا، هەموو گیانم لە سەرما ئەلەرزی. دەنگی باوکم بە ئاگای هانیمەوە.

ـ کچم چەکمەکان هەڵگرە با بڕۆین.

تەنیا شەرم نەبوو بە هۆی ئەوەی نەڵێم بابە، من حەزم لەو چەکمانە نییە. ئەمزانی دوێنێ بە دایکمی وت: بەیانی ناتوانم بچم بۆ مەرز. ئاخر بابم تا ڕۆژێ کۆڵێکی ئەبرد، دوو ڕۆژ لە بەر ئێشی پشتی لە جێئەکەوت. ویستم بڵێم بابە، مادام هەر ئەو جۆرە چەکمانەم بۆ ئەکڕی با ڕەنگێتر بێت. بەڵام تازە دێر ببوو، زۆر لە دووکانی کەوشفرۆشییەکە دوور کەوتبووینەوە.

فرۆشیارەکە وتی: ئەوانە تێستری ڕۆژ لێوەکانن، ئەتوانی تاقی کەیتەوە  باشترین مارکن، هیچ مەترسییەکی بۆ سەر لێوت نییە. دانەیە کەمڕەنگ، یەکێ سوور سوور...

**✍ شەرمینساڵحی**




Nicolas Laverroux

## "کچە گەورەی ماڵی باوکم"

هەژاری کچی گەورەی باوکمە. باوکم چلودوو ساڵە لەگەڵ دایکم هاوسەرگیری کردووە. بەڵام هیچیان نازانن هەژاری لەگەڵ کامیان هاتۆتە ئەم ماڵەوە! دایکم بە جیازی هێنابووی یان باوکم لەگەڵ کەلوپەل کڕیبووی؟

ئەوان نۆ منداڵیان لە یەک هەیە و هەر هەموویان دامەزراون، بێجگە لە من. هەژاریش وەک کۆرپەی ساوا، شەوان بەدم مەمک‌گرتنی دایکمەوە نەبێ، ناخەوێت و ناهێڵێ ئەوان بۆ ساتێ بێ خەیاڵی جیهان بخەون. بەیانیان کە باوکم دەیهەوێ بچێ بۆ مەزرا، هەژاری هەر دوو لاقی باوکم دەگرێت و ناهێڵێ بجووڵێ. باوکم لەمێژ ساڵە بە چنگ لاق ئێشەوە دەناڵێنێ و نازانێ بۆ چاک نابێتەوە. هەژاری بەسەر دەستی باوکمدا ماوەتەوە. جاری وایە دەڵێم: نە ئەوەیە گەورە بێ و بیدەن بە شوو و بڕوات، نە ئەوەیە بۆ خۆی کوڕێ هەڵبژێرێ و بڕوات یان ڕەدووی کەوێ و ماڵمان چۆڵ بکات. چلودووساڵیەتی، دایکم هێشتا لە شیر نەیبڕاندۆتەوە و مەمکی زۆر دێشێ، ئاخە هەژاری هێندەی مژیوە، عیلاجی بڕانەوەی بۆیان ناکڕدرێت. باوکیشم لاقی دێشێ هێندە ئەم سەر و ئەو سەری مەزاری بۆ کردووە. ئاخە هەر چی پەیدای دەکات دەیدا بەو. دەڵێت: "بەشکم دمی ببەستێت و لای خەڵک ئابڕوومان نەبات."

ڕۆژێک هەژاری دمی لێمان هەڵماڵی و سووکایەتی دونیای پێ‌کردین. چووە جەستەی دوکترێک و گرژومۆن ڕووی لە باوکم کرد و گوتی: "بێ پووڵ، چاوی لێ‌ناکەم".

چووە جەستەی شێخێکەوە و دێزوتاڵ گوتی:"بێ دیاری سەیری ناکەم".

چووە جەستەی شۆفیرەکەوە و گوتی:"من نۆکەری بێ خەڵاتوبەراتی ئێوە نیم بە خۆڕایی تا ئەو سەری نێو دێتان نابەم".

ئەودەم زۆر مناڵ بووم. پێموا ساوا بووم یان تازە لاو! چاک نازانم.

هەستم بە هیچ نەدەکرد، بێجگە لە گەرمایەک بەتین. پێموا خەریک بوو دەسووتام. گوێم لێبوو دایکم دەیکوت: "ئەم کچە دەمرێ" نازانم بۆ نەمردم و چاک بوومەوە. لەو ڕۆژەوە زۆر باشم زۆر. هەست بە ئازاری هیچ ژانێ ناکەم. تەنیا جێگەم نەبێ کە تەنگە.

دایکم جاروبار باسم دەکات و دەڵێ هەر چی ئەوم"یانی من"، وەبیرم دێتەوە؛ کزە لە جەرگم هەڵدەستێ. نازانم دایکم، بۆ دڵی دەسووتێ!

هەموو شەوێ دەیبینم کە دەچنە جێگاکەیانەوە، هەژاریش دیت و لەو سووچێکی ژوورەکەی دایکم و باوکم هەڵدەترووشکێ و سەیریان دەکات. نازانم بۆ خەوی نایا!

من و هەژاری دەتوانین بە چاو لەگەڵ یەک قسە بکەین. دێت و ڕووداوانە، چاو لە چاوم دەبڕێت. ئەمڕۆ دەیگوت:"من جێگەم خۆشە خۆش. وەک تۆ نیم لەوە بترسێم ڕۆژێ هەڵمگرن و تووڕتی نێو زبڵدانم کەن". نازانم بۆ چاوی پێم هەڵنایا!

ئەمشەو نرکە لە دڵمەوە هەستا. وەخت بوو لەسەر تاقەی ژووری کە لەوێ دانرابووم، بکەومە خوار. باوکم بزەیەکی گرتبوو و گوتی:"ئیدی دەحەسێمەوە، پێمەڕە فڕێ دەدەم و لە مەزرا پاڵی لێدەدەمەوە و لاق لەسەر لاقم دادەنێم." بەڵام ئاوپاشە تازەکانی باوکم، لە دەست هەژاری بەر بوونەوە و شکان. باوکم هەر چی دەکات، هەژاری پێشی پێدەگرێت و ناهێڵێ بە دەستیەوە بێت و کارێکی یەک ساعەتەی، یەک ڕۆژ دەخایەنێ. بۆیە هەژاری جێی ناهێڵێ; ئاخە باوکم کەسی بە دەورەوە نەماوە، ئەم نەبێ. جارجار یارمەتی دەدات تا باوکم لە خۆی دەرنەچێت و غەرە نەبێ.

دایکم بە دەستیەوە دەینالاند و دۆعای لێدەکرد. گوتی:"ڕەبی خێروخۆشی نەبینی، تووت بە برین چێ; خوێنی مژیوین، بۆ یەخەمان بەر نادەی؟" بەڵام هەژاری زۆر بێعارە، هەموو شت دەبینێ و لە ڕوو ناچێت و خەجاڵەت نابێتەوە. ئاخە ئەو دایکم و باوکمی زۆر خۆش دەوێت.

هەموو شت زۆرە لەم جیهانەدا، پووڵ تەواوی ئەم هەموو شتە دەتوانێ بیهێنێتەوە بۆ باوکم; بەڵام هەژاری دژی کڕین و شت هێنانەوەیە; تەنانەت شتیش دەفرۆشێ لەم ماڵەدا، بێ ئەوەی پرس بە باوکم بکات.

هەژاری وەک منە; دەڵێی گوڵمیخێکین بەم ماڵەوە داکوتراوین. ئەگەر ئەم، ماڵمان چۆڵ کات، منیش تێر دەخەوم و بە دەنگی هیچ کام لەو گریانە بێ وەختانەی دایکم خەبەرم نابێتەوە کە بۆ نەبوونم دەگری. دایکم دەزانێ هەژاری منی خواردووە، بەڵام ناچاری بێدەنگی کردووە، دەنا هەژاری ئەویش دەخوات.  قەدرێ لەوە پێش دایکم هاتە پێش تاقەکە و منی داگرت. بە داوێنی کراسەکەی،  شووشەی قاپی وێنەکەمی سڕی و تۆزی سەری لابردم. بە دڵپڕیەوە گوتی: "گرانی و دەستکورتی خۆمان، تۆی لێ ستاندین; هێندە داخی گەورەنەبوونت "گرانە"، کە کڕینی دەرمانەکانم ئەوەندەی داخی تۆ، "گران" نییە."

**✍ ژاڵە جبراییلی**



📷 Masoud Sakhinia

## "بەرتیلی شارەدار"

قومێکی لە ئاوەکە خواردەوە و گوتی: ئەگەر خودا یار بێ و بچمە سەر باغەکەی کاک شۆڕشی شوورا، بۆ ڕەمەزان پووشێکتان خورما بۆ دەکڕم.

دایکی گوتی: بێرۆ کوڕی من بێرۆ، مەمەد، مەمەەد، مەمەەەد!

محەمەد لیچی داژەنیبوو و گوتی: نایەم؛ نا. محەمەد لە ڕێگای هاتنەوەی مەدرەسە مانی لە دایکی گرتبوو، زەنگی وەرزش کەوشی فوتباڵی نەبوو؛ وەک هاوپۆلەکانی لە پێی کا.

تەنیا چاکی ڕەمەزانی ئەوساڵ لەوە دابوو، کەوتبووە ڕۆژەدرێژەکانی بەهارەوە و باوکی مەحەمەد لە دەروازە قەبران هاسانتر کاری وەگیر دەکەوت. ئەو ڕۆژە دوای کاری ڕۆژکاری، چووە بەر دەرکی شوورا، بەتەما بوو کاک شۆڕش ببینە. نەیدەویست زەنگی بۆ لێدا؛ دەیزانی گووشی لێ هەڵناگرێ. زیاتر لە سێ سەعات چاوەڕوان بوو؛ جەلەسەی شوورا تەواو نەبوو. شۆڕش تمەنێکی بە باغەکە نەدابوو. وەک بەرتیل لە میرزا ڕەشیدی شارەداری وەرگرتبوو.

دایکی محەمەد لە کاتی بەڕێکردنی محەمەد بۆ مەدرەسە چاوی دەپەڕی. باوکی محەمەد وەبن ڕووخەکی چاڵاوی باغەکەی شۆڕشی شوورا کەوت. ڕۆژێک پێشتر پووشێکی خورما بۆ کڕیبوون!

✍ **بیژەن ڕەحمانی**

## "چاویلکە"


چاوم ئێشێ وچاویلکەکەم لە چاوم ئەکەم. تەمەنم پێنج ساڵەو وەئەزانن نافامم! تەلەفزیۆنەکە هەلاڵەی خواردەمەنی ئەکاو من لە بەری دائەنیشم و سەیر شاشەکەی ئەکەم. وەختە تووم بتکێ! ئاو ئەزایێتە دەمم.

دایکم پاڵی داوەتە دیوار ئاشپەزخانەکەوەو پەنجەی هەڵپێکاوە. ئەزانم پەنجەهەڵپێکان شتێکی خراپە. هەڵئەستم و ئەچمە پێشیەوەو باوشی پێدادەکەم. پەنجەی لە یەک ئەکاتەوەو ئەمگرێتە ئامێزیەوە. سەیر ناوچەوانی ئەکەم. برۆکانی داچۆڕاون و پێڵۆکانی ماندوون. سپیایی چاوی سوور بووە. گوێم لە هەلاڵەکردن تەلەفزیۆنەکەیە. ئەیژم: ها دایکە ئەو مناڵە بەستەنی ئەخوا! بەو نیگا کزوماتەیەوە سەیر شاشەی تەلەفزیۆنەکە ئەکا. سووری چاوەکانی فرەتر ئەبێتەوە.

نیگای بو شوێنێکی دوور ئەڕواو منی لەبیر ئەچێتەوە. چاو ئەبڕمە ڕوومەت و ناوچەوانی. دڵۆپێ ئاو هێدی هێدی دێتە دەرو تا سەرگۆنای شوڕاوە ئەکێشێ. دەستم ئەکێشمە سەر گۆنایەوە، بە خۆدا دێتەوەو توند هەر دوو چاوی بە دەست ئەگرێ و پاکیان ئەکاتەوە. ئەیژێ: دالاوە کوڕەکەم با بچمە ئاشپەزخانە! هەڵئەستێ و ئەچێتە ئاشپەزخانەوە، دەنگ قرچەی فەنەک دێتە گوێ. من پەشیمان ئەبمەوە تماشای تەلەفزیۆن کەم. ئەیکوژێنمەوە. دایکم ئەیژێ: بو کوژانتەوە؟ دانیشە تماشای کارتۆن کە! ئەوە نانتان بو دروس ئەکەم. ئێستە ئابرات لە مەدرەسە دێتەوە، لە برسیا هەلاکە! گوییی لێ نادەم و تەلەفزیۆنەکە ناکەمەوە. ئەزانم ئێستە یان سێوەزەمینەمان بو سوور ئەکاتەوە یان هێلکەوڕۆن. ئێمە ئەیخۆین و ئەیژین: خوا زیای کا! دەست خۆش بێ. ئەویش ئەیژێ: نوش گیانتان! با باباتان بێتەوە گۆشت و برینج و مامر ئەسێنم بوتان! دووبارە فرمێسکەکانی شۆر ئەبنەوەو دێنە سەر هەر دوو گۆنای. وەئەزانێ نافامم! من ئەفامم! پێنج ساڵمە، وەلێ ئەزانم بابام گورەوێەکانی دڕاون و کەوش پیاوە دراوسێکەمان، لە پێ ئەکا.

نانەکەمان ئەخۆین. سەر ئەنێمە سەر ڕان دایکم و خەوم لێ ئەکەوێ. چاویلەکەم دائەکەوێ...

**✍ سەیفۆڵا ساعێدمووژەژی**




Valentina

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکوڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکوڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

**کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:**

1 ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
2 ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
3 ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
4 ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
5 ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌́ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

6ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = *]
7 ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:
گوتم:

ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
8 ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆیڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

9 ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

10 ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبوڕە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،
11 ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

12 ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامی چیرۆک

### • شەلا

ڕۆژێک لەگەڵ نەنکم لە حەساریٚ لە بەر  هەیوانیٚ دانشتبووین. بڕێک مێش لە تۆکڵە شووتی هاڵابوون. کوتی: ڕۆڵە ئەو ئەفکەنە بێنە بڕێکیان لیٚ بدە.

کوتم: نەنە گیان! بۆ حەساریٚ نابیٚ، هەمووی بە حەوادا دەڕوا.

کوتی: دە ئەو دەروازەیەی داخە و بڕۆ ئەو فەڕغوونەش بەو دەرکە چکۆلەوە نیٚ!

### • ڕامان

ساڵی 67ی هەتاوی لە گوندی ئەحمەدبریو لە ناوچەی سەردەشت، کوێخاحەمەد ناسراو بە حەمەڕەش لای ئێواریٚ مانگی ڕەمەزان لە دەوری سۆبەی داران دادەنیشن و باسی برسیبوون دەکەن. کوێخا دەڵیٚ: من پارشێو نیو کولێرە دەخۆم و هیچ برسیم نابیٚ. باوکم دەڵیٚ: ئەی بۆ من شەویٚ قاپێک شۆرباو، چوار نانی تیٚ دەگوشم، سیٚ نان بە پەنیر دەخۆم، تەغزییەی مەدرسەی منداڵەکانیش دەخۆم و پارشێویش دوو ئەوەندە دەخۆم هەر زوو برسی دەبم؟!
کوێخاش دەڵیٚ: جا بۆ دوو تەنەکە جۆت بۆ لە توورەکەی نەکەم ئەوانیش بخۆی؟!

### • حاجی حامید ـ بۆکان

برادەرێکم بە نێوی کاک هیوا گێڕایەوە: پوورم چووبووە سەردانی کوڕێکی لە وڵاتی هولەند. دوای سێ مانگ هاتەوە. خزم و ئاشنا دەچوونە سەردانی و لێیاندەپرسی: ئەرێ هولەند خۆش بوو؟

دەیکوت: حاااااااح!

لێیاندەپرسی: ئەدی هولەند گەورە بوو؟

دەیکوت: پەحححححح!

### • زەکەریا

ناسیاوێکمان لە گوند بێستان دەکەن و هاوینان لە شار نامێنن. ڕۆژانی هەینی منداڵ و نەوەکانی سەردانیان دەکەن. دەیانگێڕاوە: بێستان گەیشتبوو و چەند دانەیەک خەیارمان هێشتبووە بۆ تۆوی. نەوەیەکی چوکەمان تەماعی لێ کردبوون و دەیهەویست لێیانکاتەوە و پێی شتێکی جیاواز بوو. ئێمەش نەماندەهێشت و دەمانکوت: ڕۆڵە ئەوە کالیارە و هێشتوومانەتەوە بۆ تۆوی، بۆیە ئاوا گەورە بوون.

ئێوارەیەک دوو سێ پیاوماقووڵ لە شارڕا هاتن و مام سمایل کە پیاوێکی کەڵەگەت و بەخۆوەیە لەگەڵیان بوو. جا لە چاو میوانەکانی دیکە دەتکوت گای نێو گوێلکانە. هەر دانیشتن، نەوەکەمان چووە پێشێ و کوتی: ئەتۆش نێوت کالیارە؟ بۆ تۆوی هێشتوویانییەوە؟

### • زەکەریا

دەڵێن کابرای نۆدشەیی تەڵاقی خواردبوو: هەرسێک تەڵاقم کەوتبێ مینیبووس لە ناو ئاویشا تۆز ئەکا!

## • ئاریل

لەبیرمە منداڵ بووم. لەگەڵ باوکم لەنێو جەماعەتێکدا دانیشتبووین. بابم کوتی: چاو لێ بکەن، ماشاڵڵا کوڕەکەم چەند گەورە بووە، بەقەد کەرێکی لێهاتووە. منیش دەستبەجێ کوتم: کوا بابە؟! خۆ ئەوەندەش گەورە نەبووم ئەلان هەر بەقەد بەچکەکەرێک دەبم! دوایی خۆم سەرم سووڕمابوو بوا جەماعت بە قسەکەم پێ دەکەنن!

## • قاسمی ـ بۆکان

دوو ساڵی ئاخری خزمەتم بە ڕاسپاردەی دۆستێک لە مەدرەسە کرابوومە دەفتەردار و ماقووڵیان کردبوو و پێیان دەکوت: (معاون اجرایی). تا سبەی ڕۆژ ئەم و ئەو تانە و تەشەرم تێنەگرن کە سی ساڵی ڕەبەق بە شیاویان نەزانی سەرە پەتێکی بدەنە دەست! کارم بەوەش نییە دۆستانی دڵسۆز دەفتەرداریبیەکەیان لەگەڵ سەفارەتی فەڕانسە لێ تێک چووبوو و بەدزی و بەئاشکرا دەیانکوت: پیاو لەگەڵ دەوڵەت نەبێ کوا پۆست و مقامی وای دەدەنی! هەڵبەت دیارە وەک هەموو کارە پێچەوانەکانی ئەو ڕۆژگارە، مانگانە پووڵێکیشیان بابەتی بێکاری و خۆخافڵاندن بۆ زیاد کردبووم! ڕۆژێک کە وەک کاری ڕۆژانە و بە عینوانی بەڕێوبردنی ئەرک(انجام وظیفه) لە بەر کامپیۆتێر گویێم لە مامۆستا خالەقی گرتبوو و هەر وا بە عادەت، مشکۆڵەکەم هەڵدەزووڕاند، کاک محەممەدی هاوکارمان خۆی بە دیوەکەدا کرد و کوتی: فلانی! دا فیشێکی حقووقم بۆ چاپ کە. منیش فیشەکەم بۆ چاپ کرد و دامە دەستی. بەڵام ماریفەتم نواند و تەمەشام نەکرد! محەممەد چاوێکی پێدا خشاند و کوتی: هەی بەزیادم نەکرد، وەڵا چم بۆ نامێنێتەوە. کوتم: بۆ؟ چەند وەردەگری؟

زانیی تەمەشام نەکردووە، فیشەکەی دا دەستم. ڕاستی دەکرد. چ نەبوو. کوتم: بۆیە تەمەشام نەکرد، میرزا منافی دۆستم کە ئینگلیسیی خوێندووە دەڵێ: لەنێو فەرهەنگییەکان دەرامەتی کابرا بپرسی، ئیرادە و پێی ناخۆش دەبێ. دەیکوت: بەڵام سەیر ئەوەیە بەپێچەوانەی لای خۆمان، لەوێ ئەگەر بە کەسێک بڵێی خێزانت جوانە، کابرا ناڕاحەت نابێ هیچ، سپاسیشت دەکا. محەممەد وادکا: وەڵا من بە هیچیان ناڕاحەت نابم، چون هیچیانم هیچ نین!

▪ **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "[کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"]



Raul Curto